# ڕەمەزانی پیرۆز

## مانگی قووڵکردنەوەی لێبووردەیی و پێکەوەژیانە لە کوردستاندا



د. عەبدوڵڵا مەلا سەعید
تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

ئایینی پیرۆزی ئیسلام بایەخێکی زۆری بە لێبووردەیی و پێکەوەژیان داوە و دەکرێت بڵێین لێبووردەیی و پێکەوەژیان یەکێکە لە کۆڵەگەکانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام، هەر بۆیە کە بە مێژووی ئیسلامدا دەچینەوە، دەبینین پێغەمبەر (د.خ) لەسەر بنەمای لێبووردەیی و پێکەوەژیان کۆمەڵگەیەکی تازەی لە مەدینە دامەزراند، لەم کۆمەڵگە نوێیەدا موسڵمان و جوولەکە و تا رادەیەکیش کریستیان کە کۆمەڵگەیەکی فرەئایینی و نەتەوەیی وێنا دەکرد، توانییان بە بێ کێشە لەگەڵ یەکتری بژین. کەواتە ئەمە پێمان دەڵێت: ئایینی پیرۆزی ئیسلام هانی بڕوادارانی خۆی دەدات پەرە بە پێکەوەژیان و لێبووردەیی بدەن و پێڕەوی بکەن.

ئاشکرایە لەناو کۆمەڵگەی کوردستاندا لە هەموو مانگەکانی ساڵدا سیمای پێکەوەژیان و لێبووردەیی، سیمایەکی کۆمەڵگەی ئێمە بووە، بەڵام لەگەڵ هاتنی مانگی ڕەمەزان رەنگدانەوەیەکی تایبەتیتری دەبێت، لە کوردستاندا کە وڵاتێکی فرەئایین و نەتەوەیە، گەلی کورد بە حوکمی ئەوەی زۆرینەی زۆری موسڵمانە و ئەرکی ئایینی بەجێ دەگەیەنێت، دەبینین ئەو خەڵکانەی کە لە پێڕەوانی ئایینی دیکەن و ئەم ئەرکەیان لەسەرشان نییە، یان ئەوانەشی کە لەبەر هەر هۆیەك بێت، بەڕۆژوو نابن، هەوڵدەدەن ڕێز لە هەست و نەستی بەرامبەرەکەیان بگرن کە لەم مانگەدا بەڕۆژوو دەبن، ئەمەش واتە بە موسڵمان و ئەوانەشی پێڕەوانی ئایینی دیکەن زۆر بە ڕێکوپێکی هەوڵیانداوە ئەم دیاردە جوانەی پێکەوەژیان و لێبووردەیی پیادە بکەن.

دیاردەیەکی دیکەی جوانی کۆمەڵگەی کوردستان هەر لە مانگی ڕەمەزاندا، ئەوەیە کە چین و توێژەکان لە ناو خۆیاندا هاریکاری یەکتری دەکەن، لە ناو دامودەزگاکانی حکومەت هاوکاری یەکتری دەکەن، تەنانەت ئێمە زانیاریمان لەبەر دەستە کە خانەوادەی موسڵمان هەیە دراوسێیەکەی کریستیانە، یان ئێزیدییە، لەم مانگی ڕەمەزاندا شیویان بۆ بەربانگ بۆ دراوسێ موسڵمانەکەیان بردووە، یان لە زۆر شوێنی دیکە خوانی بەربانگ لەلایەن کریستیانەکانەوە ئامادە کراوە و بانگهێشتی موسڵمانەکانیان کردووە، بۆیە ئەم دیاردەیە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە مانگی ڕەمەزان دیاردەی لێبووردەیی و پێکەوەژیان لە کۆمەڵگەی کوردستاندا زیاتر قووڵ دەکاتەوە و جارێکی دیکە دەبێتەوە بۆ هەوێنی پێکەوەژیان و لێبووردەیی لەنێوان پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینە جیاوازەکاندا پتەوی دەکاتەوە.

هەر بۆیە ئەگەر خەڵکانێك لە هەموو مانگەکانی ساڵ بەگشتی و بەتایبەتی لەمانگی ڕەمەزاندا سەردانی هەرێمی کوردستان بکات، ئەوا هەست دەکات کە لەم کۆمەڵگەیەدا تا ئەو پەڕی پێکهاتە جیاوازەکان ڕێز لە یەکتری دەگرن و بە گیانی پێکەوەژیان و لێبووردەیی و خۆشەویستییەوە ژیان لەگەڵ یەکتری بەسەر دەبەن.

هەر لەسەر بنەمای ئەم لێبووردەیی و پێکەوە ژیانە، دەبینین لە شارەکانی کوردستان بەگشتی و لە هەولێری پایتەخت بەتایبەتی، شەوانی مانگی ڕەمەزان وەك کەرنەڤاڵ و جەژن دێتەبەرچاو، هەم مزگەوتەکان قەرەباڵغن و خەڵکی کوردستان بە کۆمەڵ روویان تێدەکەن، هەمیش دووکان و بازاڕەکان تا نوێژی بەیانی کراوەن و خەڵکەکە بە تەواوەتی لەگەڵ خۆشی و بەرەکەتی مانگی ڕەمەزان تێکەڵ دەبن.



گرنگە لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین کە ئەو خۆشی و کەرەنەڤاڵەی لە مانگی رەمەزاندا دەیبینین، بەرهەمی ئەو ئاسایش و سەقامگیرییەیە کە لە هەرێمی کوردستان بەرقەرارە و هاووڵاتی کە شەوانە دێتە دەرەوە، هەست بە دڵنیایی دەکات، هەروەها بەشێکی دیکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە سەرکردە مێژووییەکانمان بەگشتی و لەسەردەمی مەلا مستەفا بارزانی توانراوە رۆڵێکی گەورە لە پێگەیاندنی نەوە لە دوای نەوە بگێڕن بۆ ئەوەی بڕوایان بە پێکەوەژیان و لێبووردەیی هەبێت، ئەمەش وایکردووە هەموو نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان لە کوردستاندا هەست بە دڵنیایی و ئارامی بکەن.

ئەم سیمای پێکەوەژیان و لێبووردەیی و رێزگرتنەی لە کوردستاندا بوونی هەیە، لە عێراق و سەرتاسەری ناوچەکە رەنگدانەوەی هەبووە و هەمووان دەزانن لە کوردستان ئەم دیاردەیە بوونی هەیە، هەر بۆیە دەبینین کریستیانێك لە ناوەڕاست و باشووری عێراق غەدری لێ دەکرێت، پەنا دێنێتە کوردستان و لێرە رێزی لێدەگیرێت و باوەشی بۆ دەکرێتەوە، یان عەرەبێکی سوننە، یان شیعە لە ناوەڕاست و باشومری عێراق کە غەدری لێ دەکرێت، دیسان ئەویش پەنا دێنێتە بەر کوردستان و لێرە باوەشی بۆ دەکرێتەوە و رێزی لێ دەگیرێت. ئەوەشی لەمە گرنگتر بە جێگەی شانازیی خەڵکی کوردستان دادەنرێت، ئەم پێکەوەژیان و لێبووردەییەیە تەنانەت لەو کاتانەشی کە پرسی سیاسی تێکەڵاو دەبێت، لە کوردستان رێزی لێ دەگیرێت و ئەم پرسە تیکەڵی سیاسەت ناکرێت. لێرەدا ئەگەر وەك نموونە باسی بارودۆخی دوای خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەری کۆتایی ساڵی رابردوو بکەین، ئەوا بینیمان چ کارەساتێك و غەدرێك لەناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم بەگشتی و لە کەرکووك و دووزخورماتوو بەتایبەتی بە دەستی حەشدی شەعبی بەسەر کورد هات و لەسەر ماڵ و حاڵی خۆی دەکرا و کوژرا، بەڵام لەبەر ئەوەی گەلی کوردستان بەو شێوەیە پەروەردە کراوە کە بڕوای بە لێبووردەیی و پێکەوەژیان هەبێت، ئەو هەموو عەرەبانەی شیعە و سوننە کە لە کوردستان بوون، رێزیان گرتوون و نە بیریان لە تۆڵەسەندنەوە کردەوە، نە کاردانەوەیەکی خراپیشیان بەرامبەر ئەو خەڵکە عەرەبە پیشاندا کە لە کوردستان نیشتەجێ بوون، ئەمە بەرهەمی ئەو لۆژیك و سیاسەتەی جەنابی مستەفا بارزانی-یە کە لە شۆڕشی ئەیلوولدا پیادەی کردووە و هەموو کات جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە کێشەی ئێمە لەگەڵ رژێمەکانی عێراقە، نەك گەلی عەرەب لە عێراقدا و هەمیشە پارێزگاری لە دۆستایەتی و برایەتی نێوان کورد و عەرەب کردۆتەوە، هەر بۆیە ئەم لۆژیکەیە کە لە کوردستان بوونی هەیە و ئێستا بە هەمان شێوە مامەڵە لەگەڵ پێکەوەژیان و لێبووردەیی دەکرێت، هەر بەرهەمی ئەم لێبووردەیی و پێکەوەژیانەش بوو کە زۆرینەی خەڵکی کوردستان بە جیاوازی ئایین و نەتەوەوە لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا دەنگی بە پارتی دیموکراتی کوردستان دا.

لە دوماهیدا جارێکی دیکە جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە، مانگی پیرۆزی رەمەزان مانگی خۆشەویستی و پێکەوەژیان و لێبووردەییە و دەبێت ئەم دیاردەیە بە تەواوەتی لە مانگەکانی دیکەی ساڵیش وەك مانگی رەمەزان پێڕەو بکەین بۆ ئەوەی بتوانین بە گیانی تەبایی و برایەتی و خۆشەویستی لەگەڵ یەکتر بژین.




# عێراق
# بەرەو سەقامگیری یان
# هەڵڵا و بێسەروبەریی دیکە






**ئاسۆ کەریم**

**بۆ گوڵان نووسیویەتی**

**هەقیقەتێکی دیکەی ئەم هەڵبژاردنەی ١٢ی ئایار، دابەشبەندیی سیاسی و حزبیی ناوخۆی هەر پێکهاتەیەکی سەرەکیی عێراقە. پێکهاتەی کورد ٧ لیست و، عارەبی سوننە ١٢ لیست و عارەبی شیعە دەوروبەری ١٢ لیستی براوەیان هەیە**

**بڕیارەکانی دەستەی دادوەریی هەڵبژاردنەکان ڕۆڵێکی گرنگ لە ساغکردنەوەی پاک و بێگەردی پرۆسەی هەڵبژاردن دەگێڕن و لەوانەشە پاش یەکلاکردنەوەی تانەکان ئەنجامەکان گۆڕانێکیان تێ بکەوێ**

**ئەگەر کۆمیسیۆن و دەستەی دادوەریی هەڵبژاردنەکان، لایەنە سیاسییەکان لە چوارچێوەی دەستووری و قانوونیدا نەبزوێن و ڕەفتار نەکەن و وەڵامی پرسیارو نیگەرانییەکان نەدەنەوە، کوتلە گەورەکان لەنێوان خۆیاندا ڕێك نەکەون، بەدوور نازانرێ پێکهێنانی حکومەت دوابکەوێ و هەندێ لایەنی سیاسیش بڕژێنە جادەکان و بێسەروبەری بەشێك لە عێراق بگرێتەوە**

### ● ئەنجامەکان و چەند هەقیقەتێك:

١. لە ١٢ی ئایاردا هەڵبژاردنێکی گشتی بۆ خولێکی تازەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەڕێوەچوو کە تەنیا ٤٤،٥٪ی ئەوانەی هەقی دەنگدانیان هەبوو، بەشدارییان تێداکرد. هەرچەند دەستووری ٢٠٠٥ و قانوونی ژمارە ٤٥ی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، هیچ ڕێژەیەکی دیاریکراوی بەشداربوون و دەنگدانیان بۆ شەرعیبوونی هەڵبژاردنەکان دانەناوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ڕێژە کەمە دەلالەتێکی نێگەتیڤی هەیە کە کەم و زۆر کاریگەریی ئەو بەشداری نەکردنە لە هەڵوێست نواندن بەرانبەر ئەدای کابینەی داهاتووی عێراقدا دەردەکەوێ.

٢. لە ١٩ی ئایاردا کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، ئەنجامەکانی ڕاگەیاند. خەڵکێکی کەم پێشبینی دەکرد تەحالوفی سائیرون کە لە تەوژمی سەدری و حزبی شیوعی و ٤ لایەنی دیکە پێکهاتووە، بەپێش هەموو تەحالوف و ئیئتلاف و لیستەکانی دیکە بکەوێ و ٥٤ کورسیی پارلەمان بهێنێ، بەڵام وەك سەرنج دەدرێ، ئەو تەحالوفە هیچ کورسییەکی لە پارێزگا زۆرینە کوردنشین و سوننەنشینەکاندا نەهێناوە، بەو مانایە تەحالوفێکی گشتگیری ئیتنی و مەزهەبی نییە و بە کردەوە نوێنەری سەرجەم نەتەوەو ئایین و مەزهەبەکانی تێدا نییە. ئەم هەقیقەتە بەسەر تەحالوفی فەتح (٤٧ کورسی) و ئیئتلافی نەسر (٤٢ کورسی) و دەوڵەتی قانوون (٢٦ کورسی) و ئیئتلافی وەتەنییەی عەلاوی (٢٢ کورسی) و تەوژمی حیکمە (١٩ کورسی) و قەراری عێراقی (١٤)یشدا جێبەجێ دەبێ کە هەر یەك لەو تەحالوف و ئیئتلافانە، مۆرك و ڕواڵەتێکی مەزهەبی؛ شیعە یان سوننەی عارەبی بەسەردا زاڵە. کەواتە ئەنجامەکانی ئەم هەڵبژاردنەش، وەك هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٥ و ٢٠١٠ و ٢٠١٤ دابەشبەندیی قووڵی ئیتنی- مەزهەبییان لە عێراقدا نیشانداوە، بەڵام ڕەنگە دابەشبەندییە مەزهەبییەکەی سوننە- شیعە کەمێ لە جارەکانی دیکە کاڵتر بووبێتەوە بەو دەلیلەی کە ئیئتلافی نەسری عەبادی تەنیا لە کەرکووك و هەولێر و سلێمانی و دهۆك هیچ کورسییەکی نەهێناوە، دەنا لە سەرجەم پارێزگاکانی دیکەدا کەم و زۆر کورسی وەدەستهێناوە.

٣. لە هەمانکاتدا چەند ئیئتلاف و تەحالوفێك ژمارەی کورسییەکانیان لێك نزیکە. ئەمەش یارییەی زوو بە زوو پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو نادا، ئەگەر ئەو لیستانەی لە سەرووی (٢٠) کورسییان هێناوە، واتە (سائیرون و فەتح و نەسر و دەوڵەتی قانوون و پارتی و وەتەنییە...)، سازش لەگەڵ یەکتردا نەکەن. ئەمە سەرباری گوشارەکانی پشت پەردەی ئەم وڵات و ئەو وڵات.

٤. هەقیقەتێکی دیکەی ئەم هەڵبژاردنەی ١٢ی ئایار، دابەشبەندیی سیاسی و حزبیی ناوخۆی هەر پێکهاتەیەکی سەرەکیی عێراقە. پێکهاتەی کورد ٧ لیست و، عارەبی سوننە ١٢ لیست و عارەبی شیعە دەوروبەری ١٢ لیستی براوەیان هەیە کە ٥ لیستیان، لیستی گەورەن، واتە (سائرون، فەتح، نەسر و دەوڵەتی قانوون و تەیاری حیکمە). تەنانەت مەسیحییەکانیش کە ٥ کورسیی کۆتایان هەیە، دووانیان بەبەر بابلیون، ١ بەبەر لیستی ڕافیدێن و ١ بە بەر لیستی ئەنجومەنی شەعبی کلدان-سریان-ئاشووری و یەکێکیش بەبەر ئیئتلافی کلدان کەوتووە. دیسان ئەم دابەشبەندییە، ئەگەر ڕەنگدانەوەی جیاوازییەکانیش بێ، بەڵام پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت و سازان بە زەحمەت دەخەن.

### ● ماوەی چاوەڕوانی!

وەك دەزانرێ لە ٢٧ی ئایار تا ٣١ی ئایار، بوار بە لیستەکان درا لە پێشاژۆی دەستووری و قانوونیدا تانە لە ئەنجامەکان بدەن. پێشتریش کۆمیسیۆن خۆی دەنگەکانی ١٠٢١ وێستگەی هەڵوەشاندنەوە. بەقسەی کۆمیسیۆن ١٨٧٥ تانە لە ئەنجامەکان دراوە. دەستەی قەزائیی هەڵبژاردنەکان کە لە سێ دادوەری دادگەی تەمییز پێکهاتووە لەو تانانە دەکۆڵنەوە دەبێ لە ماوەی ١٠ ڕۆژدا بڕیاری خۆیان بدەن. بڕیاری ئەو دەستە قەزاییە کۆتایی و بنبڕن. واتە ناکرێ تانەیان لێ بدرێ. ئایا ئەو حزبانەی تانەیان لە ئەنجامەکان داوە، پاش یەکلابوونەوەی تانەکان و ئەگەر بەدڵی ئەوان نەبوون، چ دەکەن؟ ئایا ئەنجامەکان پەسند دەکەن و بەشداریی لە پرۆسەی سیاسیدا دەکەن، یان دەکشێنەوە، یان دەبنە ئۆپۆزیسیۆن، یان پەنا بۆ جادەو ڕێوشوێنی دیکە دەبەن؟ هەموو ئەگەرێك لە گۆڕێدان.

وەك دەبینرێ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کە تا کۆتایی حوزەیران ویلایەتەکەی ماوە، هاتە سەرخەت و لە کۆبوونەوەی نائاسایی ٢٨ی ئایاردا بڕیاری دا دەبێ «بەلانی کەمەوە ١٠٪ی دەنگەکان لە هەر بنکەیەکی دەنگدان

بەدەست بژمێردرێتەوەو لێکبکرێتەوە، ئەگەر لە ئەنجامدا ساغ بۆوە کە رێژەی جیاوازییەکە ٢٥٪و بەسەرەوەیە، ئەوا لە تەواوی پارێزگاکاندا، دەنگەکان بەدەست دەژمێردرێنەوەو هاوێردەکرێن.» سەرباری رەتکردنەوەی دەنگەکانی هەندەران.. لەهەمانکاتدا، ئەنجومەنی وەزیران لە ٢٤ی ئایاردا بڕیاریدا لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە پێکبهێنێ بۆ «دیراسەکردنی ئەو راپۆرت و زانیارییانەی پێوەندییان بە پرۆسەی هەڵبژاردنەوە هەیە و پاشان راسپاردەکانی خۆی بە ئەنجومەنی وەزیران، بە ئەنجومەنی باڵای دادوەری، بە دادگای باڵای فیدراڵی، بە دەستەی دادوەریی هەڵبژاردنەکان بدا و هەر یەکەیان رێوشوێنی تایبەت بگرێتەبەر». هەروابێتەوە لە ٣١ی ئایاردا سەرۆکایەتیی کۆماریش لەسەر کۆبوونەوە نائاساییەکەی ئەنجومەنی نوێنەران و لیژنە لێکۆڵینەوەکەی ئەنجومەنی وەزیران هاتەدەنگ و دادگای باڵای فیدراڵی لێ ئاگادار کردەوە کە دەستووریبوونی بڕیارەکان یەکلابکاتەوە!

لە ٣١ی ئایاردا، سەرۆکی دایرەی هەڵبژاردن لە کۆمیسیۆنی باڵا دەڵێ: «ئەنجامەکانی هەڵبژاردن دروستن و لەگەڵ ئەوەی لە سندوقی هەڵبژاردنەکاندا هەیە، هاوتان.»

لەم وتارەدا، ناچینە ناو وردەکاریی قانوونیبوونی ئەو بڕیارانە کە داخوا چەند لەگەڵ دەستوورو قانوونە کارپێکراوەکان و پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکاندا تەباو گونجاون، یان نا، ئەمە لە چەند رۆژی داهاتوودا ساغ دەبنەوە، بەڵام بمانەوێ و نەمانەوێ پرۆسەی سیاسی و شەرعییەت کەوتوونەتە ژێر پرسیارەوە. لێرەدا بڕیارەکانی دەستەی دادوەریی هەڵبژاردنەکان رۆڵێکی گرنگ لە ساغکردنەوەی پاك و بێگەردی پرۆسەی هەڵبژاردن دەگێڕن و لەوانەشە پاش یەکلاکردنەوەی تانەکان ئەنجامەکان گۆڕانێکیان تێ بکەوێ. بەڵام دەبێ ئەو هەقیقەتەش بخەینەوە بەرچاومان کە هیچ پرۆسەیەکی هەڵبژاردن لەم ناوچەیەی ئێمەدا، بە عێراقیشەوە، بێ غەل و غەش و، تەواو پاك و بێگەرد نەبووە!

## ● قۆناخێکی چارەنووسساز

یان کوبیش-ی نوێنەری UN لە عێراق لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئاسایش لە ٣٠ی ئایاردا گوتی: «قۆناخی دوای هەڵبژاردنەکان، قۆناخێکی یەکلاکەرەوەیە بۆ عێراق.». هەر خۆی وەڵام دەداتەوە کە بۆ یەکلاکەرەوە گرنگە و دەڵێ: «دەبێ حکومەتی نوێ یەکبگرێ و دوور لە دابەشبەندیی تایەفی و ئیتنی کاری خۆی بکا و هەوڵی ریفۆرمی ئابووری و سیاسیی بدا کە زۆر پێویستە ». نیکی هالی باڵیۆزی ئەمریکاش لە UN بگرە قسەیەکی نزیك لەو قسەیەی یان کۆبیش دەکاو دەڵێ: «پێکهێنانی حکومەت، ساتەوەختێکی چارەنووسسازە لە مێژووی عێراقدا و حکومەتی نوێی عێراق کۆمەڵێ بڕیاری گرنگ دەدا کە رێڕەوی عێراق بۆ دەیان ساڵی ئایندە دیاری دەکەن.» ئەمەش پێویستی بە «سەرکردایەتییەکی بەهێز» هەیە. لێرەدا پرسیارەو دەکرێ دەبێ مەبەست لە سەرکردایەتییەکی بەهێز کێ بێ و لە عورف و دیپلۆماسیی ئەمریکیدا چی دەگەیەنێ و دەبێ ئەو بڕیارانە چی بن کە رێڕەوی عێراق بۆ دەیان ساڵ دیاری بکەن؟ لەم سەرگەیەشەوەیە کە نوێنەری ترامپ بۆ شەڕی داعش، بریت ماکگۆرك لە هاتوچۆیەکی مەکوکی دایە لەنێوان لیستە براوەکانداو تەنانەت ئەمریکییەکان لە بەرانبەر سەدریشدا نەوی دەکێشن، وێڕای کە «جەیشی مەهدی»ی سەر بە سەدر لە ٢٠٠٤وە تا کۆتایی ئابی ٢٠٠٧ شەڕی ئەمریکایی و هێزەکانی دیکەی هاوپەیمانانیان کردووە و سەدر هەمیشە لە ئاخاوتنەکانی پێشتردا دژی بوونی هێزی ئەمریکایی و بیانی بووە لە عێراقدا و حاڵی حازریش بە گوێرەی داتای فەرمی نزیکەی ٩ هەزار سەربازو راوێژکارو شارەزای ئەمریکی لە عێراقدا هەن. هەرچەند بەقسەی هەندێ چاودێر، دەمودووی سەدر پاش هەڵبژاردنەکان، لەگەڵ ئەمریکادا نەرمتر بووە. بێ لەوە وەك لە هەندێ بزاوی ناو کۆنگرێسی ئەمریکادا دەردەکەوێ، لە ئەمریکا جۆرێ لە نارەحەتی لە هەمبەر دەرچوونی (١٤) کاندیدی عەسائیبی ئەهلی حەقی خەزعەلی هەیە کە لە چوارچێوەی تەحالوفی فەتحدان و نێوانیشیان لەگەڵ موقتەدا سەدر خۆش نییە. ئاخر «عصائب اهل الحق و حرکە النجباء و حزب اللە « «وەك رێکخراوگەلێکی تیرۆریستی چاویان لێ دەکرێ و لەگەڵ سپای پاسداراندا سەروکارێکیان هەیە.

بمانەوێ و نەمانەوێ کە هێشتا ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بە کۆتایی نەگەیشتوون، جۆرێ لە نیگەرانی لە ئەنجامەکان، هەللا و بگرەو بەردەی سیاسی دروست کردووە کە ئەگەر کۆمیسیۆن

> **بەشدارییپێکردنی کوردو سوننە جۆرێ لە شەرعییەت بە حکومەتی داهاتوو دەدا بەو ناوەی کە حکومەتێکی نوێنەرایەتی لە عێراقیدا هەیە و دەربڕی خواستی هەموو پێکهاتەکانە**

> **مالیکی لەگەڵ زۆرینەی سیاسیی پارلەمانییە کە حکومەتی پێ پێکبهێنێ، لەکاتێکدا عەبادی و موقتەدا لەگەڵ بەشدارییپێکردنی کوتلە گەورەکانن لە حکومەتدا**

> **لەوانەیە لە هەلومەرجی ئێستەی ناوچەکەدا بەتایبەتی دوای بڕیارەکەی ٨ی ئایاری ترامپ بە کشانەوەی ئەمریکا لە رێککەوتننامەی نوکلیاری و ١٢ خاڵەکەی پۆمپیۆ دەرهەق بە ئێران، عەبادی باشترین بژاردەی مالیکی و ئێران نەبێ**



خۆی، دەستەی دادوەریی هەڵبژاردنەکان، لایەنە سیاسییەکان لە چوارچێوەی دەستووری و قانوونیدا نەبزون و رەفتار نەکەن و وەڵامی پرسیارو نیگەرانییەکان نەدەنەوە، کوتلە گەورەکان لەنێوان خۆیاندا رێك نەکەون، بەدوور نازانرێ پێکهێنانی حکومەت دوابکەوێ و هەندێ لایەنی سیاسیش برژێنە جادەکان و بێسەروبەری بەشێك لە عێراق بگرێتەوە.

● **پاش یەکلابوونەوەی تانەکان:**

بەهەرحاڵ پاش یەکلابوونەوەی تانەکان، ئەوجار کۆمیسیۆن دەبێ یەکسەر لیستی ئەو کاندیدانەی بۆ ئەندامێتی پارلەمان دەرچوون بۆ دادگەی باڵای فیدراڵی بنێرێ، بۆ ئەوەی دادگەی ناوبراو بە گوێرەی ماددە **٩٣/**حەفتەمی دەستوور لە رووی دەستووری و قانوونییەوە ناوەکان پشتڕاست بکاتەوە. شایانی گوتنە ئایا ئەو پشتڕاستکردنەوەیە لە دادگەی باڵا چەند کاتی پێ دەوێ، ئەوا لە دەستووردا دیاری نەکراوە، بەڵام پێناچێ زۆر بخایەنێ، مەگەر لەولا و ئەولا گوشار هەبێ، هەرچەند دەگوترێ قەزا سەربەخۆیە، بەڵام ئەوە عێراقە ئیدی! لە سۆنگەی ئەمەوە، هزر دەکەم، ئەو پشتڕاستکردنەوەیە بکەوێتە دوای جەژنی رەمەزانەوە.

بە کورتی و بە پوختی لە دوای جەژن، وتووێژی جددی دەست پێ دەکا. بۆ؟ چونکە لە ماوەی رابردوودا کەم و زۆر لایەنە براوە گەورەکان «جس النبض»ی یەکتریان کردووە



و لـە پـاش پشتڕاسـتکردنەوەی ئەنجامـەکان و لیسـتی نـاوە براوەکانـی ئەندامێتـی پارلەمـان، دەبێ سـەرکۆماری ئێستەی عێراق لـە مـاوەی ١٥ ڕۆژدا، داوای کۆبوونـەوەی پارلەمانـی نـوێ بـکا و لـە خراتریـن شـیمانەدا سـەرکۆمار تەنیـا دەتوانـێ ١٥ ڕۆژی دیکـە ئـەو کۆبوونەوەیـە دوابخـات، واتـە بـە ئەگـەری زۆرەوە یەکەمیـن کۆبوونـەوەی ئەنجومەنـی نوینـەران دەکەوێتـە مانگـی تەمـووزەوە. لێـرەدا سـێ پرسـی گرنـگ دێنـە گۆڕێ: ١- هەڵبژاردنـی سـەرۆکی پارلەمـان و دوو جێگرەکـەی و ٢- هەڵبژاردنـی سـەرکۆماری نـوێ و ٣- راسـپاردنی «الکتلـة النیابیـة الاکثـر عـددا» بـە پێکهێنانـی حکومـەت. کەواتـە دەبێ پێش ئـەو سێ پرسـە، سـازان و ڕێککەوتنـەکان کرابـن. پرسـی «الکتلة النیابیة الاکثر عددا» بڕابێتەوە. ئەم پرسە گرنگـە، چونکـە سـەرکۆماری تـازە هەڵبژێـردراو بـە گوێـرەی مـاددە ٧٦/یەکـەم پاڵێـوراوی «الکتلـة النیابیـة الاکثـر عـددا» بـۆ پێکهێنانـەی کابینـەی حکومـەت رادەسـپێرێ. کەواتـە «الکتلـة النیابیـة الاکثـر عـددا» کێیـە؟ دادگـەی بـاڵای فیدڕاڵـی لـە ٢٠١٠ ئـەم پرسـەی بەمشـێوەیە لێکدایـەوە: ئـەو لیسـتەیەی کـە لـە هەڵبژاردنەکانـدا بـە نـاو و ژمارەیەکـی دیاریکـراوەوە بەشداریکردووە و زۆرتریـن ژمـارەی کورسـیی بەدەسـت هێنـاوە، حاڵـی حـازر سـائیرون «الکتلـة النیابیـة الاکثـر عددا»ـە. یـان ئـەو فراکسـیۆنەی کـە لـە دوو لیسـت، یـان زێتـری هەڵبـژاردن کـە بـە نـاو و ژمـارەی جـودا چووبنـە نـاو هەڵبـژاردن و پاشـان لـە ئەنجومەنـی نوێنەراندا

وەك یەك فراكسیۆنی پەرلەمانی، پێش یەكەمین كۆبوونەوەی ئەنجومەنی نوێنەران یەكیان گرتبێ. هێشتا ئەو شیمانەیە نەهاتووەتەدی. لێرەدا چەندین ئەگەر دێنە پێشەوە. هەموو سەرنجەكان بۆ پێكهێنانی «الكتلة النیابیة الاكثر عددا» لەسەر ئەم پێنج لیستەیەی شیعەیە: سائرون، فەتح، نەسر، دەوڵەتی قانوون و حیكمە كە بە سەر یەكەوە ١٨٨ كورسییان هەیە. بەڵام هزر ناكرێ ئەو لیستانە، لەناو یەك ئیئتلافی شیعیدا وەكو جاری پێشوو كۆببنەوەو زێتر بەسەر دوو بەرەدا دابەش بوون و، بەرەیەكیان كە لە فەتح و دەوڵەتی قانوون (٤٧+٢٦) پێكدی و بەم یان و شێوەیە سەروكارێكیان لەگەڵ ئێراندا هەیە، بەرەكەی دیكە سائرون و نەسرە (٥٤+٤٢) كە لێكدی نزیكن و دیدێكی «عێراقچی»یانەیان هەیەو دەیانەوێ لەسەر دنیای عەرەبی بكرێنەوەو عێراقیش نەكرێتە مەیدانی ساغكردنەوەی ململانێی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی و گوایا دەیانەوێ لە بەشبەشێنەی تایەفی دووركەونەوە. تەیاری حیكمەش (١٩) دەكرێ بڵێین لە ناوەڕاستی هەردوو بەرەكەدایە. هەر كام لەو دوو بەرەیەی سەرەوە، هەمدیس دەنگی پێویستیان نابێ بۆ پێكهێنانی حكومەت. لەبەر ئەوە بەناچاری دەبێ لەگەڵ لیستەكانی كوردو عارەبی سوننە و لیستە بچووك و كۆتاكانیشدا بكەونە وتووێژ و دانوستاندنەوە. بێ لەوە، بەشداریپێكردنی كوردو سوننە جۆرێ لە شەرعییەت بە حكومەتی داهاتوو دەدا بەو ناوەی كە حكومەتێكی نوێنەرایەتی لە عێراقیدا هەیە و دەربڕی خواستی هەموو پێكهاتەكانە. دەبێ ئەوەش بگوترێ كە مالیكی لەگەڵ زۆرینەی سیاسیی پارلەمانییە كە حكومەتی پێ پێكبهێنرێ، لەكاتێكدا عەبادی و موقتەدا لەگەڵ بەشداریپێكردنی كوتلە گەورەكانن لە حكومەتدا.

## ● مالیكی و خۆكاندیدنەكردنەوە

مالیكی لە ٣١ی ٥دا رایگەیاند كە ئەو خۆی ناپاڵێوێتەوە بۆ سەرۆكایەتیی حكومەت و پشتیوانیی لە ناوێكی دیاریكراویش ناكات. لەوانەیە لە هەلومەرجی ئێستەی ناوچەكەدا بەتایبەتی دوای بڕیارەكەی ٨ی ئایاری ترامپ بە كشانەوەی ئەمریكا لە رێككەوتننامەی نوكلیاری و ١٢ خاڵەكەی پۆمپیۆ دەرهەق بە ئێران، عەبادی باشترین بژاردەی مالیكی و ئێران نەبێ، بەڵام هەم بۆ ئەوەی حزبی دەعوە بەتەواوی كەرت نەبێ و جڵەوی حوكمڕانی لەدەست دەعوە بمێنێ و، كاندیدێكی موقتەدا سەدر نەبێتە سەرۆك وەزیران كە هەم نەیارێكی مالیكییەو هەم جۆرێ لە دڕدۆنگی لەگەڵ ئێراندا هەیە و دەیەوێ لە سعودیە و وڵاتانی كەنداو نزیك ببێتەوە و هەموو نفووزێكی بیانی لە عێراقدا رەتدەكاتەوە كە ئێران یەكێكە لەوان، بۆیە نابێ ئەو شیمانەیە وەلا بنرێ كە جارێكی دیكە لایەنە شیعەكان لە پشتیانەوە ئێران بە دانانەوەی عەبادی رازی ببن. ئەمە لەكاتێكدا كە عەبادی جەخت لەوە دەكاتەوە كە «عێراق نایەوێ ببێتە لایەنێكی ململانێی هەرێمایەتی، یان نێودەوڵەتی و كارەسات بەسەر عێراق و ناوچەكەدا بهێنێ» و رەنگە ئێران ئەم رۆڵەی عێراقی پێ خراپ نەبێ!

## ● پەرتەوازەیی سوننە:

كوتلەكانی عارەبی سوننە (ئیئتلافی وەتەنیە، قەراری عێراقی، تەحالوفی بەغدا، ئەنبار هەویەتونا، نەینەوا هەویەتونا، سەلاحەدین هەویەتونا، عابیرون، تەحالوفی عەرەبی، بەیاروقلخەیر، ریجالولعێراق، جەمیری وەتەنی و....) بێ لە خەڵكی دیكەی ناو لیستەكانی دیكەی وەك ئیئتلافی نەسر، ٦٠ كورسییان هەیە، بەڵام تا ئێستە لەنێو یەك بەرەدا خۆیان كۆنەكردووەتەوەو پێش ناچێ بتوانن كۆببنەوە و زێتر سایەدی جولەو بزاوی شیعەكان و پێكهاتنی «الكتلة النیابیة الاكثر عددا» دەكەن، ئەوجا بكەونە ساتوسەودا لەگەڵ (شیعەو كوردا) كە چەندیان لە كێكی عێراق بەردەكەوێ! بە دووری نازانم، ئەمجارەیان عارەبی سوننە چاو ببڕنە پۆستی سەركۆمار، بەو پێیەی رەمزی عێراق-ەو لەو رێگەیەوە، رهەندە عەرەبییەكە بە دەوڵەتی عێراق بدەنەوەو عێراق بخەنەوە نێو ژینگە عارەبییەكەیەوە كە سعودیەو ئیمارات كاری بۆ دەكەن! ئایا لەسەر ئەم پۆستە، قەراری عێراقی (نجیفی- خەنجەر) لەگەڵ (تەحالوفی بەغداو ئەنبار هەویەتوناو نەینەوا هەویەتوناو سەلاحەددین هەویەتونا كە كەربولییەكان رۆڵی تێدا دەگێڕن) رێكدەكەون، یان نا، یان هەر لایەنەیان دەكەوێتە بەرەو سەنگەرێكەوە؟

عەبادی جەخت لەوە دەكاتەوە كە «عێراق نایەوێ ببێتە لایەنێكی ململانێی هەرێمایەتی، یان نێودەوڵەتی و كارەسات بەسەر عێراق و ناوچەكەدا بهێنێ

بە دووری نازانم، ئەمجارەیان عارەبی سوننە چاو ببڕنە پۆستی سەركۆمار، بەو پێیەی رەمزی عێراق-ەو لەو رێگەیەوە، رهەندە عەرەبییەكە بە دەوڵەتی عێراق بدەنەوەو عێراق بخەنەوە نێو ژینگە عارەبییەكەیەوە كە سعودیەو ئیمارات كاری بۆ دەكەن

كوردیش وەک هەردوو پێکهاتەکەی دیکە (شیعە و سوننە)، لەنێوخۆیدا تەباو تفاق نییە. ئەگەر لە خولی سێی پارلەمانی عێراقدا، (٥) لایەن بوون، ئێستا بوونەتە (٧) حزب و لایەن

**● کوردو بەغداو «الكتلة النيابية الاكثر عددا»**

کوردیش وەك هەردوو پێکهاتەکەی دیکە (شیعە و سوننە)، لەنێوخۆیدا تەباو تفاق نییە. ئەگەر لە خولی سێی پارلەمانی عێراقدا، (٥) لایەن بووبن، ئێستا بوونەتە (٧) حزب و لایەن. راستە پارتی (٢٥) و یەکێتی (١٨) زۆرینەی کورسییەکانی کوردیان بردۆتەوە، بەڵام لایەنەکانی دیکەش پێکەوە (١٥) کورسییان هەس و بەیەکەوە دەبنە (٥٨) کورسی. دیارە بێ لەو کورسییانە چەند کوردێکی دیکەش لە لیستەکانی دیکەدا هەن وەك (ئازاد حەمید لە لیستی سائیرون، ئالا تاڵەبانی لە لیستی تەحالوفی بەغدا، ئاراس حەبیب لە ئیئتلافی نەسر، کۆتایەکی کوردی شەبەك لە نەینەوا، کۆتایەکی کوردی ئێزدی لە نەینەوا، کۆتایەکی کوردی فەیلی لە واسیت). هەڵبەت ئەم ژمارانە لەسەر ئەو گریمانەیە دارێژراوە کە هەموو حزبەکان دەچنە بەغداو هیچکامێکیان بایکۆتی پرۆسەی سیاسی ناکەن.

پرسیار ئەوەیە ئەم حزبانەی کوردستان لەسەر چ بنەمایەك لەگەڵ «الكتلة النيابية الاكثر عددا»دا دەکەونە گفتوگۆوە، یان کام لەو بنەمایانەی خوارێ دەکەونە پێش؟

١) دوورو نزیکیی «الكتلة النيابية الاكثر عددا» لە ئێران لەلایەك و ئەمریکاو سعودیە لەلایەکەی دیکەوە.

٢) پلەو پۆست و پایە لە بەغدا، ئەوجا سیادی بێ یان غەیرە سیادی.

٣) دوورو نزیکیی «الكتلة النيابية الاكثر عددا» لە ئیلتیزامکردن بە دەستوور و رێککەوتن لەسەر بەرنامەیەکی حکوومی روون و ئاشکرا بە میکانیزمگەلێکی جێبەجێکردن کە لانیکەمی مافەکانی کوردی تێدا دەستەبەر کرابێ. رەنگە بنەمای دیکەش هەبێ کە ئێمە لێرەدا درکمان پێ نەکردبێ. جارێ هیچ کۆبوونەوەیەك لەنێوان لایەنە کوردییەکاندا، غەیرەز ئەوەی پارتی و یەکێتی لە بەغدا، نەکراوە کە تیایدا رێککەوتن لەسەر کۆمەڵێ پرەنسیپ کرابێ و پێناچێ هەمووشیان لەناو یەك چوارچێوەدا کۆببنەوە، چونکە «نەوەی نوێ» رایگەیاندووە کە لەگەڵ پارتی و یەکێتیدا ناچێتە هیچ هاوپەیمانێتییەکەوە. کەواتە شتێك نامێنێ پێی بگوترێ یەکگوتاریی کوردی، یان کوردستانی کە هەموو لایەنە براوەکانی تێدا بێ. بەڵام بە گوێرەی ئاخاوتنی بەرپرسانی پارتی دیموکراتی کوردستان، دوو بنەما دەبنە پێوەر بۆ دانوستان لەبەغدا، یەکیان رێککەوتن لەسەر بەرنامەیەکی حکوومی کە کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدای پێ چارەسەر بکرێ و دووەمیان بەشداریی کوردە لە حوکمڕانی و پۆستەکاندا بە گوێرەی «ئیستیحقاقات»ی نەتەوەیی و هەڵبژاردن.

**● ئەگەرەکان چین:**

١) پارتی بەتەنیا (٢٥ لە ٥٨)، یان یەکێتی بەتەنیا (١٩ لە ٥٨)، یان هەردووکیان پێکەوە (٤٣ لە ٥٨ واتە زۆرینە)، یان هەردووکیان و یەك دوو لایەنی دیکەوە پێکەوە لەگەڵ «الكتلة النيابية الاكثر عددا» رێکبکەون و بەشداری لە حکومەتی داهاتووی عێراقدا بکەن و پۆستەکانیش لەنێوان خۆیاندا بەگوێرەی ئەنجامەکانی هەلبژاردن دابەش بکەن. هەندێ لایەنی کوردیش ببنە ئۆپۆزیسیۆن.

٢) یان زۆرینەی لایەنەکان بەشداری لە حکومەتدا نەکەن و ببنە ئۆپۆزیسیۆن و کەمینەیەکی کورد بەشداری لە حکومەتدا بکەن.

٣) یان زۆرینەی لایەنەکان بەشداریی لە حکومەتدا نەکەن، بەڵام متمانە بە کابینەی «الكتلة النيابية الاكثر عددا» بدەن بەگوێرەی هەندێ مەرج کە ئەو حکومەتە جێبەجێیان بکا، لە حاڵەتی جێبەجێ نەکردندا هەوڵی متمانە لێوەرگرتنەوەی بدەن.

٤) هەر هەموو لایەنەکان ببنە ئۆپۆزیسیۆن بەبێ ئەوەی هەماهەنگییەکیان لەنێواندا هەبێ.

٥) هەندێ لایەن لە پرۆسەی سیاسی بکشێنەوەو هەندێکیشیان لەوێ بمێننەوە.

٦) هەر هەموویان لە بەغدا بکشێنەوە.

٧) بکشێنەوە، جا چ پەیوەندیی لەگەڵ بەغدا بە هەڵواسراوی بمێنێتەوە، چ جاڕی سەربەخۆیی کوردستان بدەن.

پێموایە، سیناریۆی یەکەم لە هەمووان پتر رێی تێدەچێ، جا چ فۆرمۆلەیەك وەردەگرێ ئەوەیان حیسابێکی دیکەیە. بەڵام هزر دەکرێ لەو قۆناخەشدا، پارتی و یەکێتی کار لەسەر خاڵە هاوبەشەکانی نێوانیان بکەن و بۆ دابەشکردنی پۆستەکانیش لەسەر ئەوانەی بەغداو هەرێمیش (ئاخر بڕیارە لە ٣٠ی ئەیلوولدا هەڵبژاردنی پارلەمانی کوردستان بکرێ) رێکبکەون.

بە گوێرەی ئاخاوتنی بەرپرسانی پارتی دیموکراتی کوردستان، دوو بنەما دەبنە پێوەر بۆ دانوستان لەبەغدا، یەکیان رێککەوتن لەسەر بەرنامەیەکی حکوومی کە کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدای پێ چارەسەر بکرێ و دووەمیان بەشداریی کوردە لە حوکمڕانی و پۆستەکاندا بە گوێرەی «ئیستیحقاقات»ی نەتەوەیی و هەڵبژاردن

«نەوەی نوێ» رایگەیاندووە کە لەگەڵ پارتی و یەکێتیدا ناچێتە هیچ هاوپەیمانێتییەکەوە. کەواتە شتێك نامێنێ پێی بگوترێ یەکگوتاریی کوردی، یان کوردستانی کە هەموو لایەنە براوەکانی تێدا بێ

جارێ هیچ کۆبوونەوەیەك لەنێوان لایەنە کوردییەکاندا، غەیرەز ئەوەی پارتی و یەکێتی لە بەغدا، نەکراوە کە تیایدا رێککەوتن لەسەر کۆمەڵێ پرەنسیپ کرابێ و پێناچێ هەمووشیان لەناو یەك چوارچێوەدا کۆببنەوە



دڵشاد میران

سیاسەتمەدار و دیپلۆماتکار بۆ گوڵان:

# لە داهاتوودا هەر دانوستاندێک بکەین پێویستە لایەنی سێیەم وەک شاهید بوونی هەبێت

## هەموو لایەنە سیاسییەکانی عێراق گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی بەبێ پارتی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا چارەسەر ناکرێت

**سیاسەتمەدار و دیپلۆماتکار دڵشاد میران، ساڵانێك بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەوروپا بووە، هەروەها سەرۆکی پێشووی نوێنەرایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە لە بەغدا و لەم دیدارەشیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان تیشك دەخاتە سەر ڕەوشی سیاسیی کوردستان، عێراق و ناوچەکە و ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، هەروەها سەردانی شاندە حزبییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا و سیناریۆکانی پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق و چەند پرسێکی دیکەی گرینگ و هەنووکەیی تاوتوێ دەکات.**

*** لە هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی پەرلەمانی عێراقدا، زۆرینەی خەڵکی کوردستان متمانەیان بە پارتی دیموکراتی کوردستان دایەوە، ئایا ئەو هۆکارانە چی بوون کە وایانکرد خەڵکی کوردستان ئەو متمانە زۆرە بە پارتی بدەن؟ ئایا تاچەند ئەم متمانەیەی خەڵکی کوردستان بۆ پێگەی پارتی لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا گرنگە؟**

- سەبارەت بەوەی بۆچی زۆرینەی خەڵکی کوردستان متمانەیان بە پارتی دایەوە، بە بۆچوونی من هۆکارەکانی زۆرن و پێش هەموو شت دەگەڕێتەوە بۆ ڕاستگۆیی سیاسەتی پارتی کە هێڵێکی نەتەوەیی بە ڕاستگۆیی گرتووەتەبەر، ئەمەش جێگەی ئومێدی خەڵکی کوردستانە و خەڵك ئومێدی بەوەیە کە لەسایەی ئەو سیاسەتە نەتەوەییەی پارتی ڕێبەرایەتی دەکات، ببێتە خاوەنی کیانی خۆی، لەلایەکی دیکەوە جیا لەو ئارامی و ئاسایشەی لە هەرێمی کوردستاندا بەرقەرارە، لە هەمانکاتدا لەو ناوچانەی پارتی تێیدا باڵادەستە، جۆرێك لە ئارامی و سەقامگیریی سیاسیی بوونی هەیە، ئەمەش جۆرێك لە دڵنیایی سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ خەڵك دروست کردووە و خەڵکی کوردستانیش خوازیاری ئارامی و دڵنیایی کۆمەڵایەتی و سیاسییە، هەر بۆ نموونە ئەگەر سەیری بارودۆخی سیاسیی دەڤەری سلێمانی و هەڵەبجە بکەین، دەبینین ئەو هێزانەی لەو ناوچانە باڵادەستن، چ پاشاگەردانییەکی سیاسییان دروست کردووە، لەمەش زیاتر مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان کە ماوەی ٧٢ ساڵە لە گۆڕەپانی خەباتدایە، پێش دامەزراندنیشی پارتی بە سەرکردایەتی بارزانی خەباتی کردووە، واتە ماوەی زیاتر لە ١٠٠ ساڵە ڕێبەرایەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان دەکات، ئەمەش لەلای خەڵکی کوردستان ریشەی متمانەیەکی قووڵی دروست کردووە، بۆیە کاتێك خەڵکانێك خەو بەوە دەبینن، بە دروستکردنی حزبێك بتوانن پارتی لەناو بەرن، ئەوە وەڵامی خەڵکی کوردستان بوو، کە پارتی بەوانە لە ناو ناچێت و ئێستا جێگەی ئومێدی زۆرینەی خەڵکی کوردستانە.

سەبارەت بە بەشی دووەمی پرسیارەکەشتان، دیارە ئەم متمانە گەورەیەی خەڵك بۆ پێگەی پارتی لە ناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا زۆر گرنگە، بەتایبەتی کە پارتی پلەی یەکەمی لە هەرێمی کوردستان بەدەستهێناوە و لەسەر ئاستی پارێزگای نەینەواش دەنگێکی یەکجار زۆری بەدەستهێناوە کە هەموان دەزانن بارودۆخی پارێزگای نەینەوا لەژێر کۆنترۆڵی میلیشیاکانی حەشدی شەعبیدایە و ڕێگە نەدراوە کە پارتی دیموکراتی کوردستان لەو ناوچانە بانگەشەی هەڵبژاردن بکات، هەروەها ئەم پێگە بەرزەی پارتی لەسەر ئاستی بایەخدانی هەرێمی و نێودەوڵەتی بە پرۆسەی سیاسیی عێراق، دیسان زۆر گرنگە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا لەدوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەری ساڵی پارەوە سیاسەتێك بەرامبەر بە عێراق پیادە

**ئەگەر هەوڵەکانی پەرلەمان بەو ئاراستەیە بێت کە چەند کەسێکی دۆڕاو سەربخەن و چەند کەسێکیش کە براوەی هەڵبژاردنەکانن بهێننە خوارەوە، ئەگەری ئەوەی دەبێت کە کاردانەوەی زۆر خراپی لەناو گۆڕەپانی سیاسیی شیعەی عێراقدا لێبکەوێتەوە**

**بەشێک لە تورکمانەکان و عەرەبی شۆڤێنی لە کەرکووک دەیانەوێت بەهەر شێوەیەک بۆیان دەکرێت، دەنگەکانی کەرکووک هەڵبوەشێننەوە، بۆ ئەوەی ڕێگە نەدەن کورد لە کەرکووکدا زۆرینە و کورسییەکانی بە تەنیا ٦ کورسی بێت و عەرەب و تورکمانیش پێکەوە خاوەن ٦ کورسی**

دەکەن، بەوەی دەبێت هەرێمی کوردستان بەهێز بێت و بەغداش بەهێز بێت، هەر بۆیەش ئێستا شاندێکی پارتی وەك براوەی یەکەمی کوردستان سەردانی بەغدای کردووە لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی عێراق کۆبۆتەوە بۆ ئەوەی بزانێت لایەنە براوەکانی عێراق بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو بە تەمای چین و پارتی دەیەوێت جۆرێك لەلێکتێگەیشتن دروست بکات، ئەم لێکتێگەیشتنەش پێگەی کوردستان جارێکی دیکە لە پرۆسەی سیاسیی عێراق بەهێز دەکات. پارتی لە هەوڵی ئەوەدایە لایەنی کوردستانی بە یەکدەنگی بچنە ناو پرۆسەی سیاسیی عێراقەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر هەندێك حزب کە ئێستا وەك خۆیان دەڵێن بایکۆتی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا دەکەن و، نەبنە بەشێك لە یەکدەنگیی لایەنی کوردستانی، ئەوا هیچ لە رۆڵ و پێگەی کوردستان و پارتی لە پرۆسەکەدا کەم نابێتەوە.

*** سەبارەت بە سەردانی شاندی پارتی بۆ بەغدا، دیارە هاوکات شاندێکی یەکێتییش لە بەغدا بووە، لەوێش جیا لەوەی پێکەوە کۆبوونەوە، پاشان لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی عێراقیش کۆبوونەوە، خوێندنەوەت بۆ ئەم سەردانەی هەردوو شاندی پارتی و یەکێتی چییە و ئایا سیناریۆکانی پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق چۆن دەبن؟**

- بێگومان ئەوەندەی من تێگەیشتبم، ئەم سەردانە زیاتر بۆ ئەوە بووە کە بزانن لەم قۆناخەدا کە هێشتا ئاکامەکانی هەڵبژاردن بە فەرمی پەسەند نەکراوە، بۆچوونی لایەنە براوەکانی عێراق بە عەرەبی شیعە و سوننەوە بۆ ئایندەی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا چۆنە، ئەوجا لەو روانگەیەوە کە ئەم حزبانە بەشێکن لە پرۆسەی سیاسیی عێراق، ئەوا دەبێت بچن و لەگەڵ ئەو لایەنانە دیالۆگ بکەن، بۆیە مەزندە ناکەم هەتا ئێستا هیچ جۆرە رێککەوتنێك بوونی هەبێت، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە دوای گەڕانەوەیان بۆ کوردستان، گرنگە بەپلەی یەکەم پارتی و یەکێتی هەوڵبدەن لەنێوان خۆیاندا جۆرێك لێکتگەیشتن دروست بکەن و بە پلەی دووەمیش دەبێت هەوڵبدەن لەگەڵ لایەنەکانی دیکەش ئەو لێکتێگەیشتنە دروست بکەن. لەم روانگەیەوە تایبەت بە پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەوە ئاشکرایە کە مافەکانی گەلی کوردستان لای پارتی لە پۆست گرنگترە، هەرچەندە پۆستەکانی کورد لە حکومەتی عێراقدا گرنگن و پێویستە کورد لە بەغدا بەهێز بێت، بەڵام مافەکانی خەڵکی کوردستان و جێبەجێکردنی دەستوور وەك یەك سەفقە لە لای پارتی گرنگترە، بۆیە لەسەر ئەم بنەمایە من گەشبینم کە داکۆکیکردنی پارتی لەسەر مافە دەستوورییەکانی گەلی کوردستان کە دەبێتە هۆکاری ئەوەی پشتگیریی نێودەوڵەتی، بەتایبەتی رۆژئاوا و ئەمریکای بۆ دروست دەبێت، لەبەر ئەوەی ئەمریکا و رۆژئاوا جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە دەبێت دەستووری عێراق جێبەجێ بکرێت، بۆیە من گەشبینم لە پرۆسەی سیاسیی داهاتووی عێراقدا هەم پێگەی کوردستان بەهێز دەبێت، هەمیش پێگەی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەڵام ئەمجارە پێویستمان بەوەیە جۆرێك لە گەرەنتی لایەنی سێیەم بۆ جێبەجێکردنی ئەو رێککەوتنە دروست بکەین کە لایەنی کوردستانی لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو لەسەری رێکدەکەون، بە بۆچوونی من ئەگەر نەتەوە یەکگرتووەکان وەك لایەنی سێیەم ئاگاداری ئەو رێککەوتنە بێت و چاودێریی جێبەجێکردنی بکات، دەستکەوتێکی گەورە دەبێت بۆ بەدەستهێنانی مافە دەستوورییەکانی گەلی کوردستان.

*** باسی ئەوەت کرد، دوای گەڕانەوەی شاندی پارتی و یەکێتی دەبێت جۆرێك لە لێکتێگەیشتن لە نێوان لایەنە کوردستانییەکان دروست بێت و ئەوجا بە یەکریزی و بە شاندێکی هاوبەش سەردانی بەغدا بکەنەوە، ئایا بارودۆخی شلەژاوی نێوان لایەنە کوردستانییەکان دەرفەتی بۆ ئەم یەکریزییە هێشتۆتەوە؟**

- وەك پرانسیپ چەند نێومالی کوردستان یەکگرتوو بێت، هێندەش پێگەی کوردستان لە پرۆسە سیاسییەکەدا بەهێزتر دەبێت، بەڵام پێناچێت ئەمجارەیان ئەو یەکدەنگی و یەکریزییە بەوجۆرە دروست بێت کە هەموو لایەنە کوردستانییەکان پێکەوە و بە هاوبەشی بچنە بەغدا، لەگەڵ

**ئەو لایەنە دۆڕاوانە دەیانەوێت ئاژاوەیەک دروست بکەن بۆ ئەوەی بتوانن جۆرێک لە کاریگەری لەسەر ئەنجامەکانی هەڵبژاردن دروست بکەن و بەشێک لەوانەی دۆڕاندوویانە ببنەوە بە ئەندامی پەرلەمان**

**لەناو هێزەکانی شیعەدا دوو ئاراستە دروست بووە، ئاراستەیەکیان موقتەدا سەدر سەرپەرشتی دەکات کە دەیەوێت هاوسەنگییەک لە نێوان پابەندبوونی عێراق بە سیاسەتەکانی ئەمریکاو سعودیە دروست بکات، ئاراستەیەکی دیکەش کە هادی عامری و نوری مالیکی سەرپەرشتی دەکەن، بەرەو ئەوە هەنگاو هەڵدەگرن کە عێراق ببێتە بەشێک لەو سیاسەتەی کە ئێران دەیەوێت لەناوچەکەدا بیچەسپێنێت**

**گرنگە ئیرادەیەکی سیاسی لەناو لایەنە سیاسییەکانی عێراقی بوونی هەبێت، بۆ ئەوەی بیەوێت کێشەکان لەگەڵ کوردستان چارەسەر بکات، ئەگەر ئەم ئیرادەیە بوونی نەبوو، ئەوا عێراق سەقامگیری بە خۆیەوە نابینێت و هەموو لایەک زەرەر دەکات**

ئەوەشدا ئەگەر هێزە سەرەکییەکان واتە (پارتی و یەکێتی) لەگەڵ یەك دوو لایەنی دیکە هاودەنگ و یەك هەڵوێست بن، ئەوا ئەمە کاریگەرییەکی گەورەی دەبێت و هەر لایەنێکی سیاسیی کوردستانیش لەم هێڵە گشتییە دەربچێت و بیەوێت دژایەتی بکات، ئەوا خۆی زەرەر دەکات، بۆ ئەمەش بەڵگەی مێژوویەکی نزیکمان لەبەردەستە، ئاشکرایە دوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەری کۆتایی ساڵی رابردوو، چەند لەو حزبانە بەپەلە سەردانی بەغدایان کردو لەگەڵ چەندین سەرکردەی سوننە و شیعە کۆبوونەوە، بۆ ئەوەی خۆیان وا پیشان بدەن کە ئەوان دەتوانن نوێنەرایەتیی هەرێمی کوردستان بکەن، بەڵام هیچیان بە هیچ نەکردو بەدەستی بەتاڵ گەرانەوە، ئێستا لەگەڵ ئەوەی پێگەی کوردستان لەچەند مانگی رابردوو زۆر بەهێزترە، هەموو جیهان دەزانێت کێ نوێنەرایەتیی زۆرینەی خەڵکی کوردستان دەکات، هەروەها هەموو لایەنە سیاسییەکانی عێراق بە شیعە و سوننەوە گەیشتوونە ئەو قەناعەتەی کە ئەو کێشانەی لەنێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا هەیە، بەبێ پارتی دیموکراتی کوردستان چارەسەر ناکرێت، ئەم پرسە نەك ئێستا لەسەردەمی هەموو حکومەتە یەك لە دواکانی عێراق تا دەگاتە رژێمی سەدامیش هەر بەوجۆرە بووە و هەر حکومەتێك هەوڵی دابێت کێشەی کورد چارەسەر بکات، ناچار بووە لەگەڵ پارتی دیالۆگ بکات.

*** ئێستا ئەولەوییەتی پارتی بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەی سیاسیی عێراق و پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو، بریتییە لە هاوبەشی راستەقینە، پێکەوە سازان و هاوسەنگی، ئایا لە ئێستادا لایەنە عێراقییەکان لەسەر ئەم سێ بنەمایە دەرگای دیالۆگ لەگەڵ کورد دەکەنەوە؟**

- راشکاوانە دەڵێم، ئێستا پرسی زۆرینەی سیاسی و زۆرینەی نیشتمانی قسەی باوی ناو تەواوی لایەنە سیاسییە شیعەکانە، ئەم چەمکانەش مانای ئەوەیە کە بە شێوەیەك لە شێوەکان دەیانەوێت هەرسێ پرانسیپی (هاوبەشیی راستەقینە، پێکەوەسازان، هاوسەنگی) پشتگوێ بخەن، بەڵام بە خوێندنەوەی واقیعی سیاسیی عێراق، هیچ کام لەم بۆچوونانە سەرناگرێت و هەردەبێت بگەڕێنەوە سەر پرسی پێکەوە سازان (التوافق). دیارە ئەگەر بپرسین: پێکەوە سازان مانای چییە؟ بێگومان دەبێت بە هاوبەشی لە نێوان هێزە سیاسییە عێراقییەکاندا بڕیار بدرێت، ئەگەر ئەمە نەبوو، ئەوا لە عێراقدا ناتوانرێت حوکمڕانی بکرێت، عێراق وڵاتێکی ئەورووپی نییە، هەتا بڵێین دامەزراوەکان و دەسەڵاتێکی دادوەریی بەهێز بەڕێوەی دەبات و ئەگەر زۆرینەیەکیش حوکمڕانی بکات، ئەوا هیچ کێشەیەك دروست نابێت و، بەپێچەوانە دەرفەت دروست دەبێت بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردنی داهاتوودا جێگۆڕکێ بە کەمینە و زۆرینە بکرێت و دەستاودەستی ئاشتییانەی دەسەڵات بکرێت، بێگومان عێراق بەوجۆرە نییە، لە عێراقدا ئەوەی باسی زۆرینە دەکات، واتە ئامانجیەتی هەموو شتێك کۆنتڕۆڵ بکات و لایەنەکانی دیکە بخاتە پەراوێزەوە، بۆیە ئەم پرسە چۆن لای پێکهاتەکانی عێراق ئاشکرایە و تاقیکراوەتەوە، لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتییش ئەو قەناعەتە دروست بووە کە ئەمە بەو جۆرە ناکرێت، بۆیە ئەوانیش پشتگیری لە شێوازێکی لەمجۆرە ناکەن، بۆیە هەموو لایەك ناچار دەبن بگەڕێنەوە سەر پرانسیپی پێکەوەسازان لەنێوان پێکهاتە سەرەکییەکان واتە نێوان (کورد و شیعە و سوننە)، لەم حاڵەتەدا ئەوە بۆ لایەنی کوردستان گرنگ نییە چەند پۆستی دەبێت و چەند وەزارەت وەردەگرێت، بەڵکو کورد پێویستی بە هاوبەشیی راستەقینەی سەروەریی هەیە لە پرسە سەروەرییەکانی دەوڵەتی عێراقدا، راشکاوانەتر دەبێت کورد وەك پێکهاتەی دووەمی سەرەکی (کورد و عەرەب) هاوبەش بێت لە سەروەریی دەوڵەتی عێراقدا، هەر بۆ نموونە دەبێت کورد هاوبەش بێت لەو بڕیارەی عێراق بەرەو کوێ هەنگاو هەڵدەگرێت؟ ئەمە بڕیارێکی گرنگە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکانیشدا، هیچ لایەنێك ناتوانێت بە تەنیا ئەم بڕیارە بدات و ئایندەی عێراق دیاری بکات، بۆیە دەبێت هاوبەشیی راستەقینە هەبێت لەو بڕیارانەی کە پەیوەستن بە سەروەریی دەوڵەتی عێراقەوە، نموونەیەکی دیکە، سامانی نەوت و گازە، کە موڵکی هەموو عێراقییەکانە، نابێت بەغدا بەتەنیا بڕیار بدات

**گرنگە لەگەڵ شاندە سیاسییەکاندا خەڵکانی پسپۆڕ بوونیان هەبێت و سوود لەو خەڵکە کوردە بە ئەزموونانە وەربگرن کە پێشتر لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی عێراق و لەناو پرۆسەی سیاسی عێراقدا کاریان کردووە**

**ئەوە بۆ لایەنی کوردستان گرنگ نییە چەند پۆستی دەبێت و چەند وەزارەت وەردەگرێت، بەڵکو کورد پێویستی بە هاوبەشیی راستەقینەی سەروەریی هەیە لە پرسە سەروەرییەکانی دەوڵەتی عێراقدا**

**ئێستا پرسی زۆرینەی سیاسی و زۆرینەی نیشتمانی قسەی باوی ناو تەواوی لایەنە سیاسییە شیعەکانە، ئەم چەمکانەش مانای ئەوەیە کە بە شێوەیەک لە شێوەکان دەیانەوێت هەرسێ پرانسیپی (هاوبەشیی راستەقینە، پێکەوەسازان، هاوسەنگی) پشتگوێ بخەن**

**دوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەری ساڵی رابردوو، چەند لەو حزبانە بەپەلە سەردانی بەغدایان کردو لەگەڵ چەندین سەرکردەی سوننە و شیعە کۆبوونەوە، بۆ ئەوەی خۆیان وا پیشان بدەن کە ئەوان دەتوانن نوێنەرایەتیی هەرێمی کوردستان بکەن، بەڵام هیچیان بە هیچ نەکردو بەدەستی بەتاڵ گەڕانەوە**

**ئەگەر هێزە سەرەکییەکان واتە (پارتی و یەکێتی) لەگەڵ یەک دوو لایەنی دیکە هاودەنگ و یەک هەڵوێست بن، ئەوا ئەمە کاریگەرییەکی گەورەی دەبێت و هەر لایەنێکی سیاسیی کوردستانیش لەم هێڵە گشتییە دەربچێت و بیەوێت دژایەتی بکات، ئەوا خۆی زەرەر دەکات**

**ئەمریکا و وڵاتانی رۆژئاوا لەدوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەری ساڵی پارەوە سیاسەتێک بەرامبەر بە عێراق پیادە دەکەن، بەوەی دەبێت هەرێمی کوردستان بەهێز بێت و بەغداش بەهێز بێت**

ئەم سامانە چۆن بەڕێوەدەبرێت و چۆن دابەش دەکرێت، بەڵکو ئەمە پێویستی بەوە هەیە کە بە هاوبەشی لەگەڵ هەرێمی کوردستان پێکەوە بەڕێوەی بەرن، ئەمانە هەموویان لە دەستووری عێراقدا چەسپێندراون و بوونیان هەیە، ئەگەر ئەم دەستوورە وەک خۆی جێبەجێ بکرێت، هەموو کێشەکان چارەسەر دەبن.

*** لە کاتی پرۆسەی دانوستاندن و چارەسەرکردنی تەنگژەکان، زۆر جەخت لەسەر هونەری دانوستاندن دەکرێتەوە، ئایا پێتوایە لایەنە کوردستانییەکان تاچەند ئەزموونی هونەری دانوستاندنیان هەیە؟**

- ناتوانین بڵێین کوردستان شارەزایی، یان ئەزموونی هونەری دانوستاندنی نییە، بەڵام دەکرێت بڵێین لە دانوستاندنەکانی پێشوودا کەموکورتی هەبووە، زۆر جار کۆبوونەوە کراو لەمیانەی دانوستاندنەکاندا لێکتێگەیشتنی زۆر باش دروست بووە، بەڵام کە دواتر دەهاتنە سەر وردەکارییەکان لەسەر مێزی دانوستاندن دووبارە دەستمان پێدەکردەوە، وەک دەڵێن شەیتان لەناو وردەکارییەکاندایە، ئەوا ئەو لێکتێگەیشتنەی لە بازنەی گشتی دانوستانە سیاسییەکان دروست ببوو، نەدەبووە پراکتیک و جێبەجێ نەدەکران، بۆیە گرنگە سوود لەم کەموکورتی و هەڵانەی رابردووی خۆمان وەربگرین و هەوڵبدەین ئەو کەموکورتییانە پڕبکەینەوە و هەڵەکانیشمان راست بکەینەوە، بۆ ئەمەش دووپاتی دەکەمەوە گرنگە لە داهاتوودا هەر دانوستاندنێک بکەین، لایەنی سێیەم وەک شاهید بوونی هەبێت، هەروەها گرنگە لەگەڵ شاندە سیاسیەکاندا خەڵکانی پسپۆڕ بوونیان هەبێت و سوود لەو خەڵکە کوردە بە ئەزموونانە وەربگرن کە پێشتر لەگەڵ لایەنە سیاسیەکانی عێراق و لەناو پرۆسەی سیاسی عێراقدا کاریان کردووە، بەڵام لەسەرووی هەموو ئەمانەوە گرنگە ئیرادەیەکی سیاسی لەناو لایەنە سیاسییەکانی عێراقی بوونی هەبێت، بۆ ئەوەی بیەوێت کێشەکان لەگەڵ کوردستان چارەسەر بکات، ئەگەر ئەم ئیرادەیە بوونی نەبوو، ئەوا عێراق سەقامگیری بە خۆیەوە نابینێت و هەموو لایەک زەرەر دەکات، بۆیە من ئومێد دەخوازم ئەمجارە قۆناخێکی نوێی ئەوتۆ بێتە پێشەوە کە سوودیان لە نەهەماتییەکانی ١٠٠ ساڵی رابردووی عێراق وەرگرتبێت و ئەو ئیرادە سیاسییە لە عێراقدا دروست بووبێت بۆ ئەوەی کێشەکانی لەگەڵ کوردستان چارەسەر بکەن.

*** لەگەڵ هەموو ئاڵۆزییەکانی پرۆسەی سیاسیی عێراق، بەڵام ئاکامی هەڵبژاردنی ئەمجارە ئاڵۆزیی زیاتری هێناوەتەئاراوە و هیچ لایەنێکی شیعی بەو ئاستە زۆرینەی بەدەست نەهێناوە کە بتوانێت کاندیدی سەرۆک وەزیران دیاری بکات، ئایا تاچەند ئەم لایەنە پرۆسەکەی قورستر کردووە؟**

- بارودۆخی دوای هەڵبژاردنەکانی ئەمجارە جیاوازییەکی گەورەی لەگەڵ بارودۆخەکانی پێشوودا هەیە، پێشتر لە عێراقدا سێ کوتلەی سەرەکی هەبوو (کورد و شیعە و سوننە)، ئەم سێ کوتلەیە هەم لەسەر بەرنامەی حکومەت و هەم لەسەر دابەشکردنی پۆستەکان رێکدەکەوتن، بەڵام ئێستا کێشەکە ئەوەیە پەرتەوازەیی لەناو هێزەکاندا بەشێوەیەکی گشتی دروست بووەو بەتایبەتیش لەنێوان هێزەکانی شیعەدا کە ئێستا بوونەتە نزیکەی ٤-٥ کوتلە، بەشێوەیەکی گشتی لەناو هێزەکانی شیعەدا دوو ئاراستە دروست بووە، ئاراستەیەکیان موقتەدا سەدر سەرپەرشتی دەکات کە دەیەوێت هاوسەنگییەک لەنێوان پابەندبوونی عێراق بە سیاسەتەکانی ئەمریکاو سعودیە دروست بکات، ئاراستەیەکی دیکەش کە هادی عامری و نوری مالیکی سەرپەرشتی دەکەن، بەرەو ئەوە هەنگاو هەڵدەگرن کە عێراق ببێتە بەشێک لەو سیاسەتەی کە ئێران دەیەوێت لەناوچەکەدا بیچەسپێنێت، ئەمەش خۆی لە خۆیدا ئیشکالیەتێکی گەورەی دروست کردووە و هەر یەک لەم دوو ئاراستەیە بیەوێت عێراق بەرەو ئاراستەی خۆی بەرێت، ئەوا کێشەیەکی گەورە پەیدا دەبێت و لەوانەیە پێکدادان لەنێوان ئەم هێزانە بێتەئاراوە.

*** هەفتەی رابردوو پەرلەمانی عێراق توانی نیسابی یاسایی تەواو بکات و کۆبوونەوەیەکی نائاسایی ئەنجام بدات، لەم کۆبوونەوەیەدا چەند بڕیارێکی سەربارەت بە ئاکامی هەڵبژاردن و دووبارە هەژمارکردنەوەی ١٠٪ی سندوقەکان دەرکرد، ئایا ئەم بڕیارانەی پەرلەمان ئاراستەی رووداوەکان بەرەو کوێ دەبات؟**

- من پسپۆڕی یاسا نیم، بەڵام ئاگاداری بۆچوونی یاساناسەکانم سەبارەت بەم پرسە، ئامانجی پەرلەمانی عێراق لەم بڕیارانەی بۆ دوو مەبەستە:

١. بەشێکی زۆری ئەو کاندیدانەی عەرەبی سوننە کە سەر بە مالیکی و شیعە بوون، لە هەڵبژاردنی ئەمجارە دۆڕاندیان و نەیانتوانی کورسی بە دەست بهێنن، هەر ئەوانەش سەرکردایەتی ئەم هەوڵانەی ناو پەرلەمان دەکەن، بۆ نموونە سەلیم جبوری سەرۆکی پەرلەمان کورسییەکەی خۆی دۆڕاندووە، هومام حەمودی جێگری یەکەمی سەرۆکی پەرلەمان کورسی خۆی دۆڕاندووە، هەروەها ئارامی شێخ محەمەد کە لەسەر لیستی گۆڕانە، هەموو لایەك دەزانین هەڵوێستی گۆڕان چییە و چۆنە. بۆیە ئەم لایەن دۆڕاوانە دەیانەوێت ئاژاوەیەك دروست بکەن بۆ ئەوەی بتوانن جۆرێك لە کاریگەری لەسەر ئەنجامەکانی هەڵبژاردن دروست بکەن و بەشێك لەوانەی دۆڕاندوویانە ببنەوە بە ئەندامی پەرلەمان.

٢. بەشێك لە تورکمانەکان و عەرەبی شۆڤێنی لە کەرکووك دەیانەوێت بەهەر شێوەیەك بۆیان دەکرێت، دەنگەکانی کەرکووك هەڵبوەشێننەوە، بۆ ئەوەی رێگە نەدەن کورد لە کەرکووکدا زۆرینە و کورسییەکانی بە تەنیا ٦ کورسی بێت و عەرەب و تورکمانیش پێکەوە خاوەن ٦ کورسی بن.

هەر بۆیە فاکتەری سەرەکیی ئەم ئاژاوەو هەراو هۆریایە بۆ ئەم دوو ئامانجەیە، بۆیە ئەگەر پرسەکە ساختەکاری هەڵبژاردن بێت، کە بەدڵنیاییەوە لەسەرانسەری عێراق ساختەکاری کراوە، ئەوا دەبێت باس لە کۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق بکرێت، بەڵام وەك دەبینین تەنیا باسی پارێزگاکانی کورد و سوننە دەکرێت، باس لە هەڵبژاردنی بەغدا و ئەو پارێزگایانەی باشوور ناکرێت کە زۆرینەیان شیعەن، تەنانەت سەبارەت بەوەشی کە دەڵێن نیسابی یاسایی بۆ ئەو کۆبوونەوە ناتاسایی دروست بووە، ئەمەش جێگەی گومانە، چونکە لایەن هەیە تانەی لەسەر ئەوە هەیە و جەخت دەکاتەوە کە نیسابی یاسایی دروست نەبووە، لایەنێکی دیکەش کە هەوڵەکەیانە بۆ کاریگەری لەسەر ئاکامەکانی هەڵبژاردن، بێگومان پەرلەمان ئەم کارەی پێناکرێت، هەتا یاسای هەڵبژاردن نەگۆڕێت. واتە هەتا ئەو یاسایە نەگۆڕن، ناتوانن دەنگدانی ئاوارەکان و دەنگدانی دەرەوە رەتبکەنەوە، یان بۆ ئەوەی دووبارە سندوقەکان بەدەست هەژمار بکرێنەوە. خۆشیان دەزانن ئەم کارانەیان پێ ناکرێت، بۆیە زیاتر ئەم هەوڵانە بۆ ئەوەیە گوشار لەسەر گۆڕەپانی سیاسی و لایەنە سیاسییەکان دروست بکەن، بۆ ئەوەی ئەگەر نەشبنەوە بە پەرلەمانتار، ئەوا پۆستی دیکەیان لە بەغدا پێ بدرێت.

*** هێزە سەرەکییەکانی شیعە دژی ئەم هەوڵانەی پەرلەمان هەڵوێستی خۆیان راگەیاندووە، ئایا مەترسیی ئەوە ناکرێت ئەم بڕیارانەی پەرلەمان بارودۆخە بتەقێنێتەوە؟**

- لەسەر ئەم پرسە بەشی زۆری کوتلەکان نارازین، لەناویاندا کوتلەی سائیرون کە سەدر سەرکردایەتی دەکات، هەروەها کوتلەی فەتح کە هادی عامری سەرکردایەتی دەکات، ئەمەش جێگەی مەترسییەکی گەورەیە، لەبەر ئەوەی ئەم دوو کوتلەیە میلیشیای سەربازیی حەشدی شەعبییان هەیە، ئەگەر بێت و هەوڵەکانی پەرلەمان بەو ئاراستەیە بێت کە چەند کەسێکی دۆڕاو سەربخەن و چەند کەسێکیش کە براوەی هەڵبژاردنەکانن بهێننە خوارەوە، ئەمە ئەگەر ئەوەی دەبێت کە کاردانەوەی زۆر خراپی لەناو گۆڕەپانی سیاسیی شیعەی عێراقدا لێبکەوێتەوە.

*** وەك کەسێك کە ئەزموونت لەگەڵ پرۆسەی سیاسیی عێراق هەیە، ئایا لەم بارودۆخە شپرزەیەی عێراقدا، پێکهێنانی حکومەتی عێراق چەند کاتی دەوێت؟**

- لەگەڵ ئەوەی هەندێك چاودێر و شرۆڤەوان بەوجۆرە مەزندەکەن کە حکومەتی داهاتووی عێراق بە ئاسانی پێکدەهێنرێت، بەڵام من مەزندە دەکەم ماوەیەکی درێژ بخایەنێت و ململانێیەکی زۆری سیاسی بوێت هەتا لایەنەکان رێکدەکەون، هەروەها مەزندەش ناکەم ئەو حکومەتەی پێکدەهێنرێت بەو ئاستە بەهێز بێت کە ئومێدی بۆ دەخوازرێت، واتە حکومەتێك دوور بێت لە گەندەڵی و توانای ئەوەی هەبێت هەموو کێشەکانی عێراق چارەسەر بکات.

**پارتی پلەی یەکەمی لە هەرێمی کوردستان بەدەستهێناوە و لەسەر ئاستی پارێزگای نەینەواش دەنگێکی یەکجار زۆری بەدەستهێناوە کە هەمووان دەزانن بارودۆخی پارێزگای نەینەوا لە ژێر کۆنترۆڵی میلیشیاکانی حەشدی شەعبییدایە و رێگە نەدراوە کە پارتی دیموکراتی کوردستان لەو ناوچانە بانگەشەی هەڵبژاردن بکات**

**لەو ناوچانەی پارتی تێیدا باڵادەستە، جۆرێک لە ئارامی و سەقامگیریی سیاسیی بوونی هەیە، ئەمەش جۆرێک لە دڵنیایی سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ خەڵک دروست کردووە**

**پارتی هێڵێکی نەتەوەیی بە راستگۆیی گرتووەتەبەر، ئەمەش جێگەی ئومێدی خەڵکی کوردستانەو خەڵک ئومێدی بەوەیە کە لەسایەی ئەو سیاسەتە نەتەوەییەی کە پارتی رێبەرایەتی دەکات، ببێتە خاوەنی کیانی خۆی**



**کەرخی ئاڵتی بەرماخ** سەرۆکی بزووتنەوەی دیموکراتی تورکمان بۆ گوڵان:

# پارێزگاریکردن لە ئاشتیی کۆمەڵایەتی و برایەتی هۆکاری سەرکەوتنی پارتییە

**کەرخی ئاڵتی بەرماخ سەرۆکی بزووتنەوەی دیموکراتی تورکمان لە میانەی لێدوانێکیدا بۆ گوڵان، باس لە چەند پرسێك دەکات کە پەیوەستن بە رەوشی پێکەوەژیان لە کوردستان و هاوکات تیشکدەخاتە سەر هۆکاری سەرکەوتنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراق و را و بۆچوونی خۆی لە بارەی چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدارەوە دەردەبڕێت.**

کەرخی ئاڵتی بەرماخ سەرۆکی بزووتنەوەی دیموکراتی تورکمان لە لێدوانێکیدا بۆ گوڵان، سەرەتا جەخت لەوە دەکاتەوە کە «برایەتیی نێوان پێکهاتەکان لە کوردستاندا بەتایبەتی برایەتی و پێکەوەژیانی کورد و تورکمانەکان زۆر پتەوە و هەر هەوڵێك بدرێت بۆ لێکترازاندنیان شکست دەبێتە چارەنووسی.» هەر سەبارەت بەو بۆچوونەی دەڵێت: «هەروەك چۆن کورد و تورکمان لە

رابردوودا پێکەوە بوون، لە ئێستاشدا بە برایەتی پێکەوە دەژین و لە ئایندەشدا هاوچارەنووس دەبن. دواتر ئەگەر ئێمە باسی هەڵوێستی پارتی دیموکراتی کوردستان بکەین لەم رووەوە، ئەوا ئەدەبیاتی ئەم حزبە پێمان دەڵێت ئەم پارتە هەمیشە لەگەڵ بەرجەستەکردنی گیانی برایەتی و پێکەوەژیان بووە لەگەڵ سەرجەم پێکهاتەکان. بۆیە هەمیشە وەك برا پێکەوە ژیاوین. ستەممان لێکراوە چەند پەیوەندییەکانمان پتەو بێت و رەچاوی بەرژەوەندییەکانی یەکتر بکەین، باشتر دەتوانین خاکی خۆمان بپارێزین و پەرە بە دەستکەوتەکانمان بدەین. لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە من شەرەفی ئەندامێتیم لەو شاندەدا بەرکەوت کە بە سەرۆکایەتی جەنابی سەرۆك بارزانی بەڕێکەوت بۆ بەغدا بۆ مەسەلەی نووسینەوەی دەستووری عێراقی لەو کاتەدا، ئەوە بوو جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی هیممەتێکی زۆری کرد و جەختی کردەوە لەسەر چەسپاندنی مافەکانی سەرجەم پێکهاتەکان لە دەستووردا، کە ئەمە مێژووە و نابێت نکۆڵی لێبکەین. هەروەها لە سەروەختی شەڕی داعشیشدا و کاتێك خەڵکانێکی زۆری تورکمان لە تەلەعفەر و دەوروبەری موسڵ ئاوارە بوون، زۆربەی زۆریان روویان لە هەرێم و هەولێر کرد، ئەوە بوو وەك نەریتی هەمیشەیی خەڵکی کوردستان و حکومەت و سەرۆکی حکومەت جەنابی کاك نێچیرڤان بارزانی باوەشیان بۆ سەرجەم ئەو خەڵکانە کردەوە، ئەمەش خەسڵەتی خەڵکی ئەم هەرێمەیە و یار و نەیاری کوردستان ئیعتیراف بەم راستییە دەکەن. ئێستاش وێڕای پیرۆزباییمان لەو سەرکەوتنە مەزنەی کە پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەڵبژاردنەکاندا بەدەستی هێناوە، ئەوا پێمانوایە وایە هۆکارەکەی بۆ ئەوە هەڵسوکەوتی پارتی دەگەڕێتەوە کە تا پێی بکرێت، خزمەتی خەڵك دەکات و ئەوەندەی پێی دەکرێت هەوڵی پاراستنی ئاشتیی کۆمەڵایەتی و برایەتی دەدات. دواتر خەڵکی دەیانەوێت لە سایەی ئارامی و ئاسایشدا ژیانی خۆیان بەرنەسەر و کار و کەسابەتی خۆیان بکەن، کە ئەمە لە سایەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بە سەرکردایەتی پارتی دەستەبەر کراوە، ئەمە واقیعە، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە خەڵکی متمانە و دەنگی خۆیان بەم پارتە دەدەن. سرووشتی هەڵبژاردنیش وایە کە دەنگدەران متمانە بەو لایەنە دەدەن کە پێیانوایە بەرژەوەندییەکانی ئەوان دەهێنێتەدی.»

سەرۆکی بزووتنەوەی دیموکراتی تورکمان، ئاماژە بەوە دەکات کە «پارتی هەر لە سەرەتاوە جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە پێویستە بە یەك لیست بەشداری لە هەڵبژاردنەکان بکرێت و بە یەکگرتوویش بچنە بەغدا، بەڵام بە داخەوە ئەمە رووی نەدا، چونکە چەند لایەنێکی دیکەی کوردستان ڕازی نەبوون. ئێستاش کە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دەنگی باشیان هێناوە لە پەرلەمان، ئەوا ئەگەر لەگەڵ حزبەکانی دیکە و ئەو لایەنانەی دیکە کە کۆتایان هەیە، یەکبگرن، ئەوا دەبنە لیستی یەکەم لەسەر ئاستی عێراق، واتە دەکەوێتە پێش لیستەکەی سائیرون بە سەرۆکایەتی سەدر، چونکە لیستی سەدر ٥٤ کورسی هەیە، بەڵام ئەگەر لایەنەکانی ئێمە یەکبگرن بەو شێوەیەی ئاماژەم پێکرد ئەوا نزیکەی ٦٠ کورسیمان دەبێت. بەڵام بەداخەوە نەك هەر ئەم یەکگرتوویە نییە، بەڵکو هەندێ لەلایەنەکانی دیکە داوای هەڵوەشاندنەوەی دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان دەکەن و چەندین بڕیاری نابەجێ لە پەرلەمانی عێراق دەردەکرێن، بەڵام تا ئێستا کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان ئەمە رەتدەکاتەوە، چونکە پێیوایە ئەمە لە دەسەڵاتی پەرلەماندا نییە و کۆمیسیۆنەکەش ناوی کۆمیسیۆنی سەربەخۆیە، واتە خۆی خاوەنی بڕیارەکانی خۆیەتی.» ئەوەشی دووپات کردەوە کە «کوردستان شوێنی برایەتی و پێکەوەژیانە و پێویستە پارێزگاری لێ بکەین و پەرەی پێ بدەین.»، داواشی کرد «پۆستی باڵا لە سەرۆکایەتییەکان بە تورکمان بدرێت. ئەوەش دەبێتە هۆی قووڵکردنەوەی ئەو دیموکراسیەتەی لە کوردستاندا هەیە و هۆکارێك دەبێت بۆ ئەوەی لایەنە دەرەکییەکان بە رێزێکی زیاترەوە لەم هەرێمە بڕوانن.» گوتیشی: «راستە کورد لێرە زۆرینەیەو باڵادەستە، بەڵام پێکهاتەکانی دیکەش بە ئەندازەیەکی زۆر باش مومارەسەی مافە دیموکراتییەکانی خۆیان دەکەن، بەڵام تاوەکو بەرەوپێشتر ببردرێت، ئەوا دیموکراسیەتی کوردستان کاراتر دەبێت و ئێمە باوەڕمان وایە کە سەرکردایەتی پارتی بەتایبەتی بە رێبەریی جەنابی سەرۆك بارزانی و حکومەتیش بە سەرۆکایەتی کاك نێچیرڤان بارزانی لە ئایندەدا دەستکەوتی زیاتر بۆ تورکمان و نەتەوەکانی دیکە دەستەبەر دەکەن بۆ ئەوەی ئەو برایەتییەی ئاماژەمان پێکرد، پتر بچەسپێت.»

**جەلال حەبیب عەزیز** سەرۆکی سەنتەری ئەکادیمی عەنکاوە بۆ گوڵان:

# پارتی هەمیشە هەوڵی زامنکردن و دەستەبەرکردنی مافی سەرجەم پێکهاتەکانی داوە

**لە میانەی لێدوانێکیدا بۆ گوڵان جەلال حەبیب عەزیز سەرۆکی سەنتەری ئەکادیمی عەنکاوە باس لە دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی عێراق دەکات، بەتایبەتی هۆکاری سەرکەوتنی پارتی دیموکراتی کوردستان لەو هەڵبژاردنانەو تیشکەخاتەسەر ئەوەی چۆن پارتی لە رابردوودا بەرگریکار و داکۆکیکاری ماف و ژیانی سەرجەم پێکهاتەکانی کوردستان بووە، ئەوا چاوەڕوان دەکرێت لە پەرلەمانی داهاتووی عێراقیشدا پێداگری لەسەر ماف و ئازادییەکانی مەسیحییەکان و پێکهاتەکانی دیکە بکات.**



جەلال حەبیب عەزیز سەرۆکی سەنتەری ئەکادیمی عەنکاوە، لە لێدوانێکیدا بۆ گوڵان، ئەو ڕێژە بەرزەی دەنگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراقدا بۆ «متمانەی خەڵکی کوردستان بەگشتی و پێکهاتەکانی بە پارتی دیموکراتی کوردستان دەگەڕێنێتەوە و هاوکات دەڵێت: «لەبەر ئەوەی پارتی خاوەنی خەبات و تێکۆشانە و بەرگریکارە لە سەرجەم پێکهاتەکانی کوردستان بە مەسیحی و ئێزیدی و تورکمان و پێکهاتەکانی دیکەوە، بۆیە ئەو ڕێژە بەرزەی دەنگەکانی بەدەستهێنا.» سەبارەت بە کریستیانەکانیش دەڵێت: «ئەوەی پەیوەست بێت بە کریستیانەکانەوە، ئەوا ئێمە بەشداربووین لە شۆڕشی ئەیلوول و گوڵاندا و دەیان کەسایەتی و سەرکردەی هەڵکەوتوومان هەیە و بگرە شەهیدیشمان هەیە، واتە لێرەدا دەمەوێت بڵێم کە سەرجەم پێکهاتەکان لە کوردستاندا شان بە شانی برا کوردەکانمان درێغیمان نەکردووە لە بەرگریکردن و تێکۆشان و خەباتکردن لە پێناوی کوردستاندا، لەم روانگەیەشەوەیە پێمانوایە کە پارتی دیموکراتی کوردستان هەمیشە هەوڵی زامنکردن و دەستەبەرکردنی مافی سەرجەم پێکهاتەکانی داوە. لە میانەی شەڕی داعشیشدا ئەوە پێشمەرگە بوو کە بەرگری لە ناوچەکانی ئێمە کردو شەڕی لە پێناوی رزگارکردنیاندا کرد، بە هەمان شێوە کاتێك کریستیانەکان بەهۆی ئەو شەڕەوە ئاوارە و دەربەدەر بوون و روویان لە هەرێمی کوردستان کرد، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەرگای بۆ والا کردن و کەمتەرخەمی بۆ نەکردن لە دەستەبەرکردنی کەلوپەل و پێداویستی و شوێنی مانەوە و نیشتەجێبوون بۆ ئەوەی لە وڵاتەکەدا بمێننەوە و کۆچ نەکەن، کە ئێمە ئەم هەڵوێستە بەرز دەنرخێنین و سوپاسی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین، چونکە ئێمە دەزانین کە جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی بەغدا لە رووی پاراستن و دابینکردنی ئارامی و ئاسایش بۆ کریستیانییەکان، هەروەها کریستیانییەکان لە کوردستاندا هەست بە ئارامی و ئاسوودەیی دەکەن.»

سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی پەرلەمانی عێراقیش گوتی: «ئێمە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق خاوەنی پێنج کورسی کۆتاکانی کریستیانەکانین، ئەم ئەندام پەرلەمانانە کە لە حزب و لایەنی جیاجیای کریستیانین، ناتوانن بە تەواوەتی داکۆکی لە مافەکانمان بکەن، هەر بۆیە ئومێدمان زۆرە لەناو هاوپەیمانێتییەك لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بەتایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستان، داکۆکی لەسەر مافە دەستووری و یاساییەکانی کریستیانەکان بکەن و پێگەو قەبارەی خۆیان گەورەترو کاریگەرتر بکەن. خۆ ئەگەر بەپێچەوانەوە نەتوانرا لەم خولەی پەرلەمانی عێراقدا ماف و ئیمتیازاتی پێکهاتەکان بپارێزرێت، ئەوا جارێکی دیکە مەترسیی ئاوارەبوون و کۆچکردنی کریستیانەکان بۆ دەرەوەی وڵات سەرهەڵدەداتەوە، ئەوەتا دوو مانگ پێش ئەم هەڵبژاردنانە لەناو جەرگەی بەغدا ئەندامانی خێزانێکی کریستیان سەربڕان. هەر بۆیە تا ئێستا زۆربەی خێزانە کریستیانییەکان نەیانتوانیوە بگەڕێنەوە ناوچەکانی خۆیان لە دەشتی نەینەواو موسڵ، ئەوەش تەنیا لەبەر خراپی و وێرانیی ناوچەکانیان نییە، بەڵکو لەبەر نەبوونی زەمانەتی پاراستنیانە لەدەست گرووپە چەکدارەکان و تیرۆرستان و ئەو بێسەروبەرییەی لەو ناوچانەدا بوونیان هەیە، ئێمەش حەزناکەین خەڵکەکەمان بچنە دەرەوەی وڵات و خوازیارین لایەنە کوردستانییەکان لەم خولەی پەرلەمان و حکومەتی نوێی عێراقدا گفتوگۆ و دانوستانەکانیان بەو ئاراستەیە بچێت، کە ئەو ناوچانە ئارام ببنەوەو لە رووی دەستووری و یاساییەوە مافەکانی پێکهاتە کوردستانییەکان زامن بێت.»

# سیناریۆی هەرێم و بەغدا
# بۆ فۆرمی حکومەتی ئایندەی عێراق

هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٨/٥/١٢، لە عێراق دۆخێکی نوێی لە عێراقدا هێناوەتە کایەوە، لێرەو لەوێ باس و خواس، مشتومڕ و گفتوگۆی گەرم لە ئاستی میدیا و ناوەندە جیاجیاکان هەیە، ئەگەر بە وردی تەماشا بکەین، لە هەرێمی کوردستان پارتی براوەی یەکەمی هەڵبژاردنەکان بووە و پاشان (ی.ن.ك) بە پلەی دووەم دێت.

پارتی بە مافی خۆی و بە دەنگی هاووڵاتیان پلەی یەکەمی بە دەست هێناوە، هەست بەوە دەکات دەنگەکانی لەسەر ئەنجامی هەڵوێستە نیشتمانی، نەتەوەییەکانییەتی کە دڵی هاووڵاتیانی ڕازی کردووە، چونکە دۆخە ئابوورییەکە بۆ هەموو لایەك سەخت بوو، بۆیە هاووڵاتیان چاوپۆشییان کرد لە هەموو ئەو دۆخە ناهەموارەی تێیدا بوون و ڕێژەیەکی بەرچاوی هاووڵاتیان دەنگیان بە پارتی دا..

دوای ئەوە (ی.ن.ك) دێت.. کە ژمارەی دەنگەکانی بەتایبەتی لە شاری سلێمانی زۆر زیادی کردووە، کە زۆر لە حزبەکان سکاڵا و ناڕەزایەتییان پێشکەش کردووە بە کۆمیسیۆن، چونکە یەکگرتوو، کۆمەڵی ئیسلامی، هاوپەیمانی، گۆڕان، شیوعی، حسك و بزووتنەوەی ئیسلامی دەڵێن: دەنگمان دزراوە...

بەڵام ئایا سکاڵا و ڕەخنە واقیعەکە دەگۆڕێت، یان نا؟! لەبەر ڕۆشنایی ئەو دۆخە سیاسییەی لە هەرێم و عێراق دەگوزەرێت، سیناریۆکان بە چ ئاراستەیەکە،؟

بە هێزترین سیناریۆ بۆ پێکهێنانی حکومەتی ئایندە لە چەند تابلۆیەکدا خۆی دەبینێت:

**تابلۆی یەکەم:**

- ئەوەی دەبینرێت لە ئێستادا (سائیرون) کە (موقتەدا سەدر) سەرۆکایەتی دەکات لەگەڵ (نەسر) بە سەرۆکایەتی (حەیدەر عەبادی)، (حیکمە) بە سەرۆکایەتی (عەمار حەکیم) زۆر نزیکن بۆ پێکهێنانی گەورەترین کوتلە لەگەڵ لایەنە سوننەکان وەك (ئوسامە نوجێفی)ی و(ئەیاد عەلاوی) و ڕەنگە پارتی دیموکراتی کوردستان نزیك بێت لەم کوتلەیە، کە پێی وابێت جگە لە (عەبادی) ئەوانی دیکە نزیك بوون لە کوردەوە. دیارە ئەولەویاتی پارتی جێبەجێکردنی (٥١) ماددەی دەستوورییە کە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە پێشێل کراوە، دەبێت بەڵێن وەربگیرێت کە جێبەجێ دەکرێن لە ڕووی پرۆتۆکۆڵی سیاسییەوە.

**تابلۆی دووەم:**

(پارتی) و(ی.ن.ك) بەرنامە و ئەجێندای خۆیان یەکبخەن بۆ ئەوەی گفتوگۆی فراوان بکەن لەگەڵ ئەوانەی کە لە تابلۆی یەکەم باسمان کرد، بۆ ئەوەی وەك هێزێکی کوردی بە سەنگ و هێزەوە بچنە بەغدا، دەبێت هەوڵی تەواو بدرێت لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی دیکە.. بەڵام سیناریۆیەکی قورسە، چونکە لە ڕابردوودا زۆر هەوڵدرا..

**تابلۆی سێیەم:**

لیستی (فتح) بە سەرۆکایەتی هادی عامری و دەوڵەتی یاسا بە سەرۆکایەتی (نوری مالیکی) و لایەنی سوننە بە ناوی (تحالف بغداد) بە سەرۆکایەتی (جمال الكربولي) و (ی.ن.ك) .. کە ئەم لایەنانە بە ئاشکرا بە ڕاوێژی ئێران کاردەکەن، ڕەنگە هەوڵبدەن کوتلەی گەورە دروست بکەن، گفتوگۆش لەگەڵ لایەنەکانی دیکە بکەن...

**تابلۆی چوارەم:**

- ڕەنگە هەموو لایەك لە کوردستان گەیشتبێتنە قەناعەت، بەڵام حزبە سیاسییەکان لەبەر (ڕای گشتی) نەیدرکێنن لەم قۆناغەدا و (عێراقییانە) هەڵسوکەوت بکەن و، هەر حزبێ لە کوردستان، وەك حزبەکانی دیکە لە عێراقی عەرەبی هەڵسوکەوت بکەن و، بە جیا گفتوگۆ و هاوپەیمانی خۆیان بکەن، چونکە باش لە سیناریۆی ئەمریکی، ئێران، ڕووسی تێگەیشتوون بۆ ئەم قۆناغە کە لەگەڵ سەربەخۆیی تەواوی کوردستان نین..

- ڕەنگە تا ئێستا ئەو چەند تابلۆیە بە ڕوونی هەبێت، بەڵام ئەمە لەسەر ئەوە دەوەستێت کە ئایا نێومالی کورد باشتر ڕێکدەخرێت؟ هەروەها ئایا ئەوانەی دەڵێن: دەنگمان دزراوە، چاوپۆشی دەکەن لە پێناو هاووڵاتیانی کوردستان و یەك لیستی بەهێز دروست دەکەن؟ لە ڕۆژانی ئایندە تابلۆکان باشتر ڕوون دەبنەوە.



حەسەن جەباری – سلێمانی
بۆ گوڵانی نووسیوە



هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و ئاکام و لێکەوتەکانی مشتومڕی زۆری لێکەوتووەتەوە و بووەتە سەرباسی میدیاکانی کوردستانی و نێودەوڵەتی و پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراقیش خوێندنەوەی جیاوازی بۆ دەکرێت. ئایا بەو پەرتەوازەییەی لە نێوان کۆی لیستە بەشداربووەکان (بە کورد و عەرەب و شیعەوە) بوونی هەیە، پێکهێنانی هاوپەیمانێتی بە چ ئاقارێکدا دڕوات؟ ئایا لەو دۆخە سیاسییە ئاڵۆزەی عێراقدا، هاوبەشیی راستەقینە و پێکەوە سازان دێتەئاراوە؟ لایەنی کوردستانی چۆن مامەڵە لەگەڵ پرۆسەی سیاسیی عێراق بۆ قۆناخی داهاتوو دەکات؟ هێڵە گشتییەکانی بەرنامەی لیستی پارتی بۆ پەرلەمانی داهاتووی عێراق چییە؟ ئەمانە و چەندین پرسی گرینگی دیکە لەم دیدارەی گۆڤاری گوڵان لەگەڵ د. ئارام باڵەتەیی کاندیدی سەرکەوتووی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق تاوتوێ کراون.

**د. ئارام باڵەتەیی**

**کاندیدی سەرکەوتووی پارتی بۆ پەرلەمانی عێراق بۆ گوڵان:**

# پارتی لۆژیکی زۆرینە و کەمینە بۆ حوکمڕانی لە عێراق قبووڵ ناکات

## پۆستی سەرۆک کۆمار بۆ کوردە هێشتا لە نێوان پارتی و یەکێتی یەکلای نەبۆتەوە

*** دوای راگەیاندنی ئاکامەکانی هەڵبژاردن و دەرکەوتنی کاندیدە سەرکەوتووەکان، ئایا ئێوە وەك کاندیدە سەرکەوتووەکانی پارتی لەگەڵ سەرکردایەتی کۆبوونەتەوە؟ ئەگەر کۆبوونەتەوە، هێڵە گشتییەکانی بەرنامەی ئێوە وەك لیستی پارتی بۆ پەرلەمانی داهاتووی عێراق چی دەبێت؟**

- بەڵێ، کۆبووینەتەوە و لەو کۆبوونەوەیەدا جەنابی سەرۆك بارزانی جەختی لەسەر چەند تەوەرێکی جیاواز کردەوە، پێش هەموو شت سوپاسی خەڵکی کوردستانی کرد کە ئەو متمانە گەورەیان بە پارتی دایەوە و ئەو سەرکەوتنە گەورەیە بۆ پارتی بەدەست هات، بەتایبەتی کە هەندێ لایەن بەنیاز بوون لەم هەڵبژاردنەدا فاتیحە لەسەر پارتی بخوێنن، بەڵام سوپاس بۆ خوا دەنگی گەل سەرکەوت و ئەوان ئاواتەکەیان بۆ نەهاتەدی و پارتی سەرکەوت و، ئێستاش پارتی وەك حزبێکی سیاسی، یەکەم حزبە لەسەر ئاستی عێراق کە زۆرترین دەنگی بەدەست هێناوە، لەسەر ئاستی هاوپەیمانیەکانیش پارتی هێزی سێیەم یان چوارەمە لەناو عێراقدا، ئەم سەرکەوتنەی پارتی بە دەنگی هاووڵاتیان واتە سەرکەوتنی پەیامی نیشتمانی و خەڵکی کوردستان دووپاتیان کردەوە کە پشتیوانی پەیامی نیشتمانین و لەگەڵ سەنگەری بەرەڤانی و پاراستنی کوردستانن، بۆیە دەنگ بە لیست و کاندیدەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەدەن.

**زۆر گرنگە هەموومان کار بۆ بەهێزکردنی پێگەی کوردستان لە بەغدا بکەین، بەڵام بەداخەوە ئەمڕۆ هەندێک لایەنی سیاسیی کوردستان ئامانجیان ئەوەیە پێگەی کوردستان لە بەغدا لاواز بکەن**

**ئەگەر بتوانین بە بۆچوونێکی کوردستانی بچینە بەغدا و ناوماڵی کوردستان بەهێز بکەین و بە یەکگرتوویی و بە یەک شاندی هاوبەش بچینە بەغدا، ئەوا کارەکانمان ئاسانتر دەبێت**

**ئەگەر ئامانج ئەوە بێت بەرژەوەندییە باڵاکانی کوردستان بپارێزین، ئەوا دەبێت پارتی و یەکێتی لیکتێگەیشتن دروست بکەن و زەمینەی ئەو ڕێککەوتنە دروست بکەن**

**لە وڵاتێکی وەک عێراق هاووڵاتیان هەست بە ناسنامەی عێراقیبوون ناکەن و بە ناسنامە لاوەکییەکانیان خۆی دەناسێنن، بۆیە لەم جۆرە وڵاتانە دەبێت پێکەوە سازان و شەراکەت هەبێت، ئەگەر ئەمە پێشێل کرا، بەرەو شەڕی ئەهلی و ناخۆ دەچن**

لایەنێکی دیکە باس لەوە کرا کە ئەو لایەنانەی کە پێشتر پێیان وابوو گفتوگۆ لەگەڵ هەرێمی کوردستان ناکەن، ئێستا هەموو چاوەڕێی ئەوە دەکەن لەگەڵ پارتی و سەرۆك بارزانی کۆببنەوە، بۆ ئەوەی پشتیوانیی پارتی بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو لە عێراقدا بەدەست بهێنن.

هەر لەو کۆبوونەوەیەدا نیگەرانی سەبارەت بە دەنگەکانی پارتی لە پارێزگای نەینەوا باسی لێوەکرا، بەتایبەتیش سەبارەت بە دەنگی برا ئێزیدییەکان کە سندوقەکانیان جیاکرانەوە و هەژمار نەکران، سەبارەت بە سووتاندنی ئەو دەنگانە، سەرۆك بارزانی بە ئەنفالکردنی دەنگی ئیزیدییەکانی دانا، بێگومان هەژمار نەکردنی دەنگی ئەو سندوقانە جیا لەوەی غەدرێکی گەورە بوو لە براو خوشکی ئێزیدی کرا، لە هەمانکاتدا بووە هۆکاری ئەوەی کە پارتی نەبێتە هێزی یەکەم لەسەر ئاستی پارێزگای نەینەوا.

*** پێتوایە ئەولەوییاتی لیستی پارتی لە پەرلەمانی داهاتووی عێراق چی دەبن؟**

- پڕۆگرامی لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان لە دروشمی سەرەکیی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان رادیارە کە گوتوومانە: «دەستکەوتی زیاتر بۆ کوردستان»، بۆ جێبەجێکردنی ئەم دروشمەش هەوڵدەدەین پێش هەموو شتێك بەرەیەکی نیشتمانی کوردستانیی بەهێز پێکبهێنرێت بۆ ئەوەی بە هاوبەشی و بە بەهێزی داکۆکی لە مافە دەستوورییەکانی کوردستان بکەین، واتە ئەو مافانەی کە ساڵی ٢٠٠٥ لە دەستووری عێراقدا دەنگمان لەسەر داوە و پێشێل کراون، ئەو مافانە بگێڕینەوە بۆ خەڵکی کوردستان و چیدیکە هاووڵاتیانی کوردستان هاوڵاتی پلە دوو نەبن لە عێراقدا. ئەمەش مانای ئەوەیە ئێمە کار بۆ جێبەجێکردنی تەواوی دەستوور دەکەین، بۆ ئەوەی بە تەواوەتی سیستمی فیدراڵی لە عێراقدا دروست ببێت، هەروەها هاوسەنگی بگەڕێتەوە ناو دامەزراوەکانی عێراق و هاووڵاتیانی کوردستان بە قەوارەی خۆیان و بە ڕێژەی ١٤-١٧٪ لە ناو کۆی دامەزراوەکانی عێراقدا بەشدارییان هەبێت، خاڵێکی دیکە و سەرەکیی پڕۆگرامی پارتی ئەوەیە، کە بە هاوبەشی لەگەڵ ئەو هێزە سیاسییە کوردستانییانەی کە بە نەفەسی کوردستانی بیردەکەنەوە، هەوڵی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق بدەن و، ئەو بارودۆخەی لەدوای ١٦ی ئۆکتۆبەر لەسەر دەستی هێزەکانی حەشدی شەعبی لەو ناوچانە دروست بووە کۆتایی پێبهێنرێت و ئاسایی بکرێتەوە بۆ ئەوەی زەمینەیەکی گونجاو بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوور بێتەوەئاراوە.

*** پارتی دیموکراتی کوردستان جەخت لەسەر هاوبەشیی راستەقینە و پێکەوە سازان دەکات، ئایا تا چەند ئەم بنەمایە لە لایەن هێزەکانی شیعەوە پەسەند دەکرێت؟**

- ئێمە پێش هەموو شت، ئەولەوییەتمان جێبەجێکردنی دەستووری ٢٠٠٥ ی عێراقە، بۆیە با بپرسین ئێمە لە سەر چ بنەمایەك دەنگمان بەو دەستووره داوە؟ بێگومان لەسەر بنەمای ئەوەی کە عێراق بە پێکەوە سازان (تەوافق) بەڕێوەببرێت، کەواتە ئێمە لۆژیکی زۆرینە و کەمینە بۆ حوکمڕانی لە عێراق قبووڵ ناکەین، هەر بۆیە ئەگەر لۆژیکی زۆرینە و کەمینە لە عێراقدا ببێتە بنەمای حوکمڕانی، ئەوا ئێمە هەموو کات کەمینەین و ئەگەر هاتە سەر پرسی نەتەوەیی، ئەوا سوننە و شیعەی عێراق لەبەر ئەوەی عەرەبن، دژی کورد یەك دەگرن، بۆیە لە وڵاتێکی وەك عێراقدا کە پێکهاتە سەرەکییەکانی متمانەیان بە یەکتری نییە، وڵاتێکی دوای ململانێیەکی خوێناوی، ئەوا ناکرێت بە زۆرینە و کەمینە حوکمڕانی بکرێت، دەبێت لەسەر بنەمای پێکەوە سازان و هاوبەشیی راستەقینەی پێکهاتە سەرەکییەکان حوکمڕانی بکرێت. لە وڵاتانی دیموکراتی و پێشکەوتوو کە شێوازی زۆرینە و کەمینە دەکەنە بنەمای حوکمڕانی، لەوێ جیاوازی نێوان نەتەوە و ئایین بوونی نییە و هەمووان هاووڵاتین، بۆیەشە هەموویان ئینتیمایان بۆ ناسنامەی وڵاتەکە هەیە، پێش ناسنامە لاوەکیەکانی دیکە، بەڵام لە وڵاتێکی وەك عێراق هاووڵاتیان هەست بە ناسنامەی عێراقیبوون ناکەن و بە ناسنامە لاوەکییەکانیان خۆی دەناسێنن، بۆیە لەم جۆرە وڵاتانە دەبێت پێکەوە سازان و شەراکەت هەبێت، ئەگەر ئەمە

پێشێل کرا، بەرەو شەڕی ئەهلی و ناوخۆ دەچن.

*** لە ئێستادا باس لەوە دەکرێت، لانیکەم دەبێت جۆرێك لە لێکتێگەیشتن و ڕێککەوتن لەنێوان پارتی و یەکێتی لەسەر پرۆسەی سیاسیی عێراق بێتەئاراوە، ئایا زەمینەی ئەم لێکتێگەیشتن و ڕێککەوتنە بوونی هەیە؟**

- زەمینەی ڕێککەوتن و خاڵی هاوبەش لای هەموو لایەك ئاشکرایە و پارتی و یەکێتیش لایان ئاشکرایە، بۆیە لەسەر ئەم بنەمایە و ئەگەر ئامانج ئەوە بێت بەرژەوەندییە باڵاکانی کوردستان بپارێزین، ئەوا دەبێت پارتی و یەکێتی لیکتێگەیشتن دروست بکەن و زەمینەی ئەو ریککەوتنە دروست بکەن، ئەمەش لەسەر ئەو بنەمایەی نە پارتی و نە یەکێتی، هیچیان بە تەنیا ناتوانن وەك پێویست داکوکی لە مافەکانی گەلی کوردستان لە بەغدا بکەن، بەڵام ئەگەر پێکەوە یەك هەڵوێست و یەکدەنگ بن، ئەوا کارەکە ئاسانتر دەبێت. بۆ ئەمەش دەبێت پارتی و یەکێتی چەند خاڵێکی سەرەکی دەستنیشان بکەن و ستراتیژیەتێکی هاوبەش بۆ جێبەجێکردنی ئەو خاڵانە دابڕێژن، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەگەر لە نێوان پارتی و یەکێتی جۆرێك لە ناتێگەیشتنیش لەسەر هەندێك پرس هەبێت، ئەوا با ئەم لێکتێنەگەیشتنە لە هەرێمی کوردستان بێت و لە بەغدا نەبێت، ئەگەر ئەم هەنگاوە سەرکەوتوو بێت، بێگومان لە بەغدا بەهێزتر دەبین.

*** پرسێکی دیکە کە جێگەی قسە و باسە، پۆستی سەرۆك کۆمارە کە پشکی کوردە، ئایا چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم پۆستە دەکەن؟**

- پۆستی سەرۆك کۆمار پشکی کوردە، بەڵام هێشتا لە نێوان پارتی و یەکێتی ئەم پۆستە یەکلایی نەبۆتەوە. ئەم پۆستە بۆ پارتی، یان یەکێتی، یان هەر لایەنێکی دیکە بێت، بەڵام ئەوەی پێش هەموو شت گرنگە، ئەوەیە کە ئەم پۆستە، پشکی کوردە، ئەوجا لای هەر لایەك دەبێت، ئەوە پێویستی بە گفتوگۆی زیاتری نێوان لایەنە سیاسییەکان هەیە و دەبێت لەسەری ڕێکبکەون، هەروەها دەبێت لەسەر ئەو کەسەش ڕێککەوتن هەبێت کە دەبێتە کاندیدی کورد بۆ ئەو پۆستە. ئەم ڕێککەوتنەش کە لایەنەکان سەبارەت بە بەغدا لەسەری ڕێکدەکەون، گرێدراوی پۆستەکانی دیکەش دەبێت، هەر لایەنێك بیەوێت پۆستی سەرۆك کۆمار ببات، ئەوا دەبێت دەست لە زۆربەی خاڵەکانی خۆی هەڵبگرێت، چونکە وەك هەموو لایەك دەزانن، هەر کورسییەکی پەرلەمانی عێراق بە چەند خاڵێك حیساب دەکرێت، هەر پۆستێکیش بە چەند خاڵێك دیاریکراوە و پۆستی سەرۆك کۆماریش خاڵێکی زۆری بۆ دیاری کراوە، بۆیە جارێ ئەم پرسە یەکلایی نەبۆتەوە بۆ پارتی، یان یەکێتی دەبێت، هەروەها ئەوەش یەکلایی نەبۆتەوە بەوەی ئایا پارتی و یەکیتی لەسەر کەسایەتییەك ڕێکدەکەون لە دەرەوەی حزبەکانی خۆیان بێت؟ ئەمەش هێشتا روون نییە و دوای گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی گشتگیر یەکلایی دەبێتەوە.

*** پێتوایە لایەنی کوردستانی دەبێت لە قۆناخی داهاتوو چۆن مامەڵە لەگەڵ پرۆسەی سیاسیی عێراق بکات؟**

- بە بۆچوونی من ئەگەر بتوانین بە بۆچوونێکی کوردستانی بچینە بەغدا و ناوماڵی کوردستان بەهێز بکەین و بە یەکگرتوویی و بە یەك شاندی هاوبەش بچینە بەغدا، ئەوا کارەکانمان ئاسانتر دەبێت، لەبەر ئەوەی نوێنەرایەتی هەموو کوردستان دەکات و شەرعییەتی زیاتر دەبێت، بۆیە ئەوەی گرنگە، ئەوەیە کە لایەنە کوردستانییەکان تەسفیەی حیسابی خۆمان لە بەغدا نەکەین، ئەگەر ئەمە لە بەغدا بکەین، ئەوا پێگەی کورد لاواز دەبێت، ئەمە فەرزی دەکات لەسەرمان ئەگەر بەرژەوەندیی باڵای کوردستانمان بوێت، دەبێت هەموومان کار بۆ ئەوە بکەین کە وەك نوێنەرانی کوردستانی بچینە بەغدا و هەموو لایەنە سیاسییەکانیش بەشدار بن، بۆیە زۆر گرنگە هەموومان کار بۆ بەهێزکردنی پێگەی کوردستان لە بەغدا بکەین، بەڵام بەداخەوە ئەمڕۆ هەندێك لایەنی سیاسیی کوردستان ئامانجیان ئەوەیە پێگەی کوردستان لە بەغدا لاواز بکەن، لە بری ئەوە دەبێت خۆمان بۆ هەڵبژاردنی ئەیلوولی داهاتوو ئامادە بکەین و کێشەی نێوانمان لە ناو کوردستان چارەسەر بکەین، نەك لە بەغدا.

**ئەگەر لۆژیکی زۆرینە و کەمینە لە عێراقدا ببێتە بنەمای حوکمڕانی، ئەوا ئێمە هەموو کات کەمینەین و ئەگەر هاتە سەر پرسی نەتەوەیی، ئەوا سوننە و شیعەی عێراق لەبەر ئەوەی عەرەبن، دژی کورد یەك دەگرن**

**خاڵێکی سەرەکیی پرۆگرامی پارتی ئەوەیە بە هاوبەشی لەگەڵ ئەو هێزە سیاسییە کوردستانییانەی کە بە نەفەسی کوردستانی بیردەکەنەوە، هەوڵی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق بدەین**

**ئەو لایەنانەی کە پێشتر پێیان وابوو گفتگۆ لەگەڵ هەرێمی کوردستان ناکەن، ئێستا هەموو چاوەڕێی ئەوە دەکەن لەگەڵ پارتی و سەرۆک بارزانی کۆببنەوە، بۆ ئەوەی پشتیوانیی پارتی بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو لە عێراقدا بەدەست بهێنن**

**پارتی وەک حزبێکی سیاسی، یەکەم حزبە لەسەر ئاستی عێراق کە زۆرترین دەنگی بەدەست هێناوە، لەسەر ئاستی هاوپەیمانییەکانیش پارتی هێزی سێیەم یان چوارەمە لەناو عێراقدا**

دیمانەی تایبەت



کریستۆفەر فێتویس

تایبەتمەندی بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بۆ گوڵان:

# سیناریۆ خراپەکە ئەوەیە ئێران رایبگەیەنێت متمانە بە هیچ لایەنێک ناکات و بڕیاری دروستکردنی چەکی ئەتۆمی بدات

**کریستۆفەر فێتویس، بڕوانامەی دکتۆرای لە بواری پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و سیاسەتی بەراوردکاری لە زانکۆی ماریلاند بەدەستهێناوە، لەئێستادا پرۆفیسۆرە لە بەشی زانستی سیاسی لە زانکۆی تولین، پێشتریش پرۆفیسۆری کاروباری ئاسایشی نەتەوەیی بووە لە کۆلێژی جەنگی دەریایی ئەمریکی. بۆ شرۆڤەکردن و لێکدانەوەی سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی ترەمپ و هەروەها بۆ تیشك خستنەسەر تێڕوانین و سیاسەتەکانی ئەم ئیدارەیە لە ئاست ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەرئەنجامەکانی بڕیاری ئەمریکا بۆ کشانەوە لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە لەگەڵ ئێران و ئایندەی ئەم ناوچەیە، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامدا و ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** بە شێوەیەکی گشتی چۆن لە سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ دەڕوانیت و ئایا رواڵەت و رەهەندەکانی ئەم سیاسەتە چین؟**

- من پێموایە لە رووی سیاسەتی دەرەوە ئەم ئیدارەیە رووبەڕووی هەمان ئەو تەحەددییانە دەبێتەوە کە ئیدارەکانی پێش خۆی پێیانەوە سەرقاڵ بوون. ئێمە دەزانین چەندین ناوچە هەن لە جیهاندا کە پشێوی باڵی بەسەردا کێشاون. ئەوەی پەیوەست بێت بە هەنگاوەکانی ئەم ئیدارەیەوە، ئەوا ناتوانین پێشبینی بکەین، چونکە من هەمیشە ئەوە بە قوتابییەکانی خۆم دەڵێم کە گرنگ ئەوەیە وڵاتەکە لە رووی کردارییەوە چ هەنگاوێك دەنێت، نەك ئەوەی سەرکردەکانی دەیڵێن، هەروەها ئێمە دەزانین کە ترەمپ لێدوانی زۆر دەدات، هەندێ جار جێبەجێیان دەکات و هەندێ جاریش پشتگوێیان دەخات، هەندێ جار لێدوانەکانی بۆ ئەوەیە ناوبانگی خۆی پێ بەهێز بکات، بەڵام لە رووی کردارییەوە هەنگاوی زۆری هەڵنەگرتووە. ئەگەرچی دەکرێت لێرەدا ئاماژە بە هەنگاوەکەی یان بڕیارەکەی بکەین بۆ کشانەوە لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە لەگەڵ ئێراندا کە پێموایە ئەمە مایەی کارەساتە. هەرچەندە ئەمە یەکێك بوو لە بەڵێنەکانی سەروەختی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن کە جێبەجێی دەکات، چونکە پێیوایە ڕێککەوتنێکی خراپە، ئەگەرچی من لەو باوەڕەدا نیم کە زۆر ئاگاداری ناوەڕۆکی ڕێککەوتنەکەش بێت، بەڵام مەسەلەکە ئەوەیە ئەمە ڕێککەوتنێکە و لە سەردەم ئۆبامادا کراوە.

*** ئاماژەت بەوە کرد کە رەنگە یەکێك لە پاڵنەرەکانی بڕیارەکانی ترەمپ بۆ کشانەوە لەم ڕێککەوتنە ئەوەیە کە لە سەردەمی ئیدارەی باراك ئۆبامادا واژوو کراوە پێدەچێت دۆناڵد ترەمپیش سوور بێت لەسەر پێچەوانەکردنەوەی سەرجەم سیاسەت و بڕیارەکانی ئۆباما، ئایا ئەمە لێکدانەوەیەکی دروستە؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەمە یەکێکە لەو کارانەی کە دۆناڵد ترەمپ ئەنجامی دەدا. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی دۆناڵد لە سەروەختی هەڵبژاردنەکانیشەوە دروشمی گێڕانەوەی شکۆمەندی بۆ ئەمریکای بەرزکردۆتەوەو لەو کاتەشدا هەر لەسەر ئەو بنەمایە بوو کە کەسێکی هەڵبژارد بۆ ئەوەی وەك پاڵێوراو بۆ جێگری سەرۆك هاوەڵیی بکات لە هەڵبژاردنەکاندا و بەشداریی پێشبڕکێی هەڵبژاردنەکان بکات.

*** یەکێك لەو رەخنانەی هەمیشە لە ئیدارەکەی دۆناڵد ترەمپ دەگیرێت، ئەوەیە کە سیاسەتێکی روونی دەرەکی و گشتگیری نییە، بەتایبەتی لە ئاست رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەروەها بە ئاشکرا ترەمپ باسی لەوە کردووە، ئەمریکا چیتر خۆی سەرقاڵ ناکات بە پەرەپێدانی دیموکراتی و بنیادنانی نەتەوە لە وڵاتە دەرەکییەکاندا، خوێندنەوەی ئێوە لەم رووەوە چییە؟**

- بە دڵنیاییەوە بەراورد بە ئیدارەی پێش خۆی ئەمە گۆڕانکارییەکە و روویداوە، واتە من هاوڕام لەگەڵتاندا کە ئەو زۆر بایەخ بە پەرەپێدانی دیموکراسی نادات، تەنانەت لەم ماوەی دواییدا رەخنەی زۆری لە جۆرج بوش گرت کە پارەیەکی زۆری لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا خەرجکردووە لە پێناوی پەرەپێدانی دیموکراسیدا. کەواتە دەتوانین بڵێین دۆناڵد ترەمپ زۆر گرنگی بە برەودان بە دیموکراسی و بنیادنانی نەتەوە نادات. هەروەها لێرەدا من دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم

**بۆی هەیە ئەمریکا بتوانێت هاوپەیمانێتییەکی بچووکتر پێکبهێنێت لەگەڵ سعودیە و ئیمارات و ئیسرائیلدا، کە ئەوانە رکابەری تەقلیدی ئێرانن، بەڵام لەو باوەڕەدا نیم بتوانێت هاوپەیمانێتییەکی جیهانی لە دژی ئێران دروست بکات**

**جەیمس ماتیس لەلایەن باراک ئۆباماوە دوورخرایەوە لەبەر ئەوەی زۆر توندڕەو بوو لە ئاست ئێراندا، کەچی ئێستا لە نێو ئیدارەی ترەمپدا میانڕەوترین کەسە لە ئاست ئێراندا**

**ئیدارەی ئەمریکا زۆرێک لەو کەسانە لەخۆدەگرێت کە خوازیاری ئەوەن گۆڕانکاری لە رژێمی ئێراندا روودات، لە راستیدا بۆ چەند ساڵێکیشە ئەم بانگەشەیە دەکەن و ئەوە دووپات دەکەنەوە کە ئێران هۆکاری پشێوییەکانی ناوچەکەیەو لەم رووەوە خوازیاری شەڕهەڵگیرساندن**

**چارەنووسی رێککەوتنەکە ئەتۆمییەکە بەندە بەوەی پێگەی میانڕەوەکانی ئێران لە هەڵوێستی توندڕەوەکانی ئەو وڵاتەکە بەهێزتر بێت**

**ئەمریکا دووچاری رەخنە دەبێتەوە کاتێک دەست لە پەرەپێدانی دیموکراسی و بنیادنانی نەتەوە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەڵدەگرێت، لە هەمان کاتدا رووبەڕووی رەخنە دەبێتەوە ئەگەر دەستتێوەردانێکی زۆر بکات**

کە ئەمریکا چەند هەوڵێکی لەم چەشنەی داوە، بەڵام دووچاری شکست بۆتەوە، بۆ نموونە یەکێك لە ئامانجەکانی شەڕەکەی ئەمریکا لە عێراقدا ئەوە بوو کە دەتوانێت هاوکاری عێراق بێت بۆ ئەوەی لەسەر پێی خۆی بوەستێت، بەڵام دواتر دەرکەوت کە ئەو دژوارییانەیان بە کەم گرتووە کە هاتەڕێیان لە میانی جێبەجێکردنی ئەم ئەرکەدا. دواتر من پێموانییە بەرهەڵستیکردنی ترەمپ بۆ بنیادنانی نەتەوە لە وڵاتانی دەرەکیدا لەبەر ئەوە بێت کە ترەمپ دەزانێت ئەمە چەند کارێکی سەختە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە ئەو تەنیا بایەخ بە خۆی دەدات و خاڵێکی دیکەش ئەوەیە ئەو بنکە جەماوەرییەی هەیەتی پشتیوانی لە هەوڵێکی لەم چەشنە ناکەن.

*** بەڵام ئایا لە نێوان دووركەوتنەوە لەم ناوچەیە و دەستدانە پرۆسەی بنیادنانی نەتەوە تێیدا، ئەمریکا بژارەیەکی دیکەی هەیە؟**

- لە راستیدا زەحمەتە بتوانین بژارەی سێیەم دەستنیشان بکەین، بەڵام وتەیەکیش هەیە دەڵێت: کاتێك ناتوانیت هەموو شتێك ئەنجام بدەیت، ئەمە مانای ئەوە نییە کە نابێت هیچ شتێك ئەنجام بدەیت، چونکە هەندێ جار ئەمریکا لەم رووەوە هاوکار بووە، کە لێرەدا دەتوانین ئاماژە بە وڵاتی رواندا بکەین کە هاوکار بوو بۆ راگرتنی جینۆساید لەو وڵاتەدا. بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە دۆخی سووریاوە هەبێت، ئەوا من نازانم تا چ رادەیەك ئەمریکا دەتوانێت رۆڵێکی ئیجابی ببینێت، چونکە ناکرێت هێزە دەرەکییەکان پەرۆشتر بن لە هێزە ناوخۆییەکان بۆ هێنانەدی سەقامگیری، واتە هێزێکی دەرەکی ناتوانێت هەوڵی بەدیهێنانی سەقامگیری لە وڵاتێکدا بدات لە کاتێکدا خەڵکی ئەو وڵاتە خوازیاری شەڕی ناوخۆیی بن. بەڵام ئەگەر ئێمە گەشبین بین، ئەوا دەتوانین لە ئەزموونی لوبنان بڕوانین کە بۆ چەند ساڵێك شەڕی ناوخۆیی لەو وڵاتەدا لە ئارادا بوو، بەڵام لە کۆتاییدا گەیشتنە رێککەوتن. کە هیوادارم دەرئەنجامێکی هاوشێوە لە سووریادا بێتەئاراوە، بەڵام من دڵنیا نیم لەوەی ئەمریکا دەتوانێت ئەمە ئەنجام بدات، چونکە دەبێت ئەمە خواستی هێزە ناوخۆییەکان بێت.

*** کەواتە پێتوایە پێویستە ئەمریکا چی بکات لە سووریادا؟ ئایا دەبێت هەوڵی ئەوە بدات رووداوەکان بە ئاراستە و ئاقارێکی دیاریکراودا ببات، یاخود دەبێت لە ئاست رووداوەکانی ئەو وڵاتەدا کاردانەوەی هەبێت؟**

- هەر کەسێك پێی وابێت ئەمریکا دەتوانێت رووداوەکان لە سووریادا رەنگڕێژ بکات، ئەوا دووچاری وەهم بۆتەوە، هەر لەبەر ئەوەشە کە پێموایە بوونی ئەم تێڕوانینە وای کردووە ئۆباڵی خراپبوونی دۆخەکە بخرێتە ئەستۆی ئەمریکا، مەبەستم ئەوەیە کەسانێك هەن، پێیانوایە ئەمریکا دەتوانێت هەلومەرجەکە کۆنترۆڵ بکات لە کاتێکدا ئەم لێکدانەوەیە لە جێی خۆیدا نییە. لەم رووەوە دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە ئەمریکا دووچاری رەخنە دەبێتەوە کاتێك دەست لە پەرەپێدانی دیموکراسی و بنیادنانی نەتەوە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەڵدەگرێت، لە هەمان کاتدا رووبەڕووی رەخنە دەبێتەوە ئەگەر دەستتێوەردانێکی زۆر بکات، چونکە هیچ کەسێك نایەوێت هێزێکی دەرەکی بێت و پێی بڵێت چۆن وڵاتەکەی رێکدەخرێتەوە، کەواتە ئەمە دۆخێکی سەخت و دژوارە کە هاتۆتەئاراوە.

*** پێشتر بڕیارەکەی دۆناڵد ترەمپت بۆ کشانەوە لە رێککەوتنە ئەتۆمیەکە بە مایەی کارەسات وەسفکرد، دەکرێت لەم رووەوە روونکردنەوەی زیاتر بدەیت؟**

- ئەم بڕیارە ئەوەی خستەڕوو کە ناکرێت متمانە بەم ئیدارەیە بکرێت و ئەم ئیدارەیە لە ئاست پابەندبوونەکانی خۆیدا نییە، ئێستاش زۆرێك لە دەرئەنجامەکە بەندە بەوەی ئایا تا چەند میانڕەوەکان لە ئێراندا زاڵ دەبن. دواتر کەسانێك بەرپرسیارێتییان لە ئیدارەی ئێستای ئەمریکادا گرتۆتەدەست کە زۆر بەرهەڵستی رێککەوتنە ئەتۆمییەکەیان لەگەڵ ئێراندا دەکرد، ئیدی، یان لەبەر ئەوەی کە لێی تێنەدەگەیشتن، یاخود لەبەر ئەوەی بە هیچ شێوەیەك متمانەیان بە ئێران نەبوو. دواتر ئەمە یەکێکە لە رێککەوتنە باشەکان بۆ کۆنترۆڵکردنی بڵاوبوونەوەی ئەم چەکە و درێژەپێدانی لە بەرژەوەندی هەموولایەکدا بوو، راستە لایەنەکانی ئەم رێککەوتنە تەواوی خواستەکانیان نەهاتەدی و تەواو خۆشحاڵ نەبوون پێی، بەڵام ئیدی ئەمە سرووشتی رێککەوتنە، ئێستاش پێموایە دەکرێت وڵاتە ئەوروپییەکان قەناعەت بە ئێران بکەن کە پابەندبوونەکانی خۆی جێبەجێ بکات کە لە رێککەوتنەکەدا هاتوون، تا

ئەو کاتەی ترەمپ لە دەسەڵاتدا نامێنێت، ئەوا دەکرێت ڕێککەوتنەکە درێژەی پێبدرێت. ئێستاش پێموایە گەمژەکانی نێو ئیدارەی ترەمپ ڕاستگۆ نین لەم بارەیەوە و هۆکاری بەرهەڵستیی ئەوانیش بۆ ڕێککەوتنەکە، یان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تێینەگەیشتوون، یان ئەوەتا درۆی لەبارەوە دەکەن. دووپاتی دەکەمەوە چارەنووسی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە بەندە بەوەی پێگەی میانڕەوەکانی ئێران لە هەڵوێستی توندڕەوەکانی ئەو وڵاتەکە بەهێزتر بێت، کەواتە لە ئێستادا ئەمە بەندە بە ئێرانەوە.

*** ئایا پێشبینیت بۆ کاردانەوەی ئێران لەم ڕووەوە چییە؟**

- زۆر کەس لە ئێراندا ئەوە دووپات دەکەنەوە کە ناکرێت متمانە بە ئەمریکا بکرێت، پێدەچێت ئەمەش سەلمێندرابێت، واتە بڕیارەکەی ترەمپ تێڕوانینی کەسایەتییە سەرسەختەکانی ئێرانی پشتڕاست کردەوە. بەڵام هەرچۆنێك بێت ڕێککەوتنەکە لە بەرژەوەندیی ئێراندایە و سزاکانی ئەمریکا بە تەنیا کاریگەرییەکی زۆریان نابێت، ئەگەر بێت و دووبارە ئەنجومەنی ئاسایش و یەکێتی ئەورووپا سزاکان بەسەر ئێراندا نەسەپێننەوە، کەواتە ئومێدەکە ئەوەیە ئێرانییەکان پابەندبوونەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن لە ئاست ڕێککەوتنەکەدا. بەڵام کێشەکە ئەوەیە ئیدارەی ئەمریکا زۆرێك لەو کەسانە لەخۆدەگرێت کە خوازیاری ئەوەن گۆڕانکاری لە ڕژێمی ئێراندا ڕووبدات، لە ڕاستیدا بۆ چەندساڵێکیشە ئەم بانگەشەیە دەکەن و ئەوە دووپات دەکەنەوە کە ئێران هۆکاری پشێوییەکانی ناوچەکەیەو لەم ڕووەوە خوازیاری شەڕهەڵگیرساندن و ترسی منیش ئەوەیە ئەم گەمژانە ئەوەیان بۆ بچێتەسەر، ئەگەر بارودۆخەکە بە ئاراستەیەکی باشدا نەڕۆیشت.

*** ئەی چۆن لە گوتارەکەی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا دەڕوانیت کە تێیدا دوانزە مەرج، یان داواکاریی بۆ ئێران خستەڕوو؟**

- من پێموایە مایك پەمپیۆ کەسێکی خەیاڵپڵاوە و لە ڕاستیدا گوتارەکەشی زۆر بێمانا بوو، چونکە پێشنیاری ئەنجامدانی گفتوگۆی لەخۆ نەگرتبوو، بەڵکو ئاگادارکردنەوە و هۆشداریدان بوو. ئەگەر من لە جێی کاربەدەستانی تاران بوومایە، گوێم لێنەدەگرت. هەروەها ئەمە دەریخست کە هۆکاری قەیرانەکە ئێران نییە، بەڵکو ئەمریکایە کاتێك بڕیاری کشانەوەی دا لە ڕێککەوتنەکە. ئومێدەکەش ئەوەیە ئێران دەست بە پڕۆگرامە ئەتۆمییەکە نەکاتەوە، چونکە ئەگەر وا بکات، ئەوا ڕەنگە ببێتە پاساوێك بۆ ئەوەی ئیدارەی ترەمپ کارێکی گەمژانەتر بکات. پەمپیۆش یەکێك لە هەڵۆکانی نێو ئیدارەی ئەمریکایە و من لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە جەیمس ماتیس لەلایەن باراك ئۆباماوە دوورخرایەوە لەبەر ئەوەی زۆر توندڕەو بوو لە ئاست ئێراندا، کەچی ئێستا لە نێو ئیدارەی ترەمپدا میانڕەوترین کەسە لە ئاست ئێراندا. کەواتە ئەمە مایەی نیگەرانییە. هیوادارم ئەورووپییەکان بتوانن قەناعەت بە ئێران بکەن، بۆ ئەوەی لە ڕێککەوتنەکە نەکشێتەوە و بە ئومێدی ئەوەی ترەمپ تەنیا دوو ساڵ و نیوی لە دەسەڵاتدا مابێت و لە هەڵبژاردنی داهاتوودا ئیدارەیەکی نوێ دەسەڵات بگرێتەوە دەست و دەست بە پرۆسەی دیپلۆماسی بکاتەوە.

*** باشە ئەگەر وڵاتە ئەورووپییەکان توانییان قەناعەت بە ئێران بکەن بۆ ئەوەی لە ڕێککەوتنە نەکشێتەوە و خۆشیان پابەندبوون بە ڕێککەوتنەکەوە، ئایا ئەمە ناکۆکی لە نێوان ئەمریکا و ئەورووپادا دروست ناکات؟**

- مەرج نییە ناکۆکییەکی قووڵ دروست بکات، چونکە ئێمە دەزانین کە سزای سەرەکی و سزای لاوەکی هەن کە ئەمریکا سەپاندبوونی، ئەگەر ئەمریکا سزا لاوەکییەکان بەسەر ئەو کۆمپانیا ئەورووپییانەدا بسەپێنێت کە مامەڵە لەگەڵ ئێراندا دەکەن، کە ئومێدەکە ئەوەیە ئەورووپییەکانیش هەنگاوی هاوشێوە نەنێن. لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە زۆرجار ترەمپ لێدوانی توندی داوە بە ئامانجی بەهێزکردنی پێگەی خۆی لە گفتوگۆکاندا و دواتر جۆرێك لە پاشەکشەی کردووە، وەك ئەوەی بینیمان کە لەگەڵ چیندا ڕوویدا لە بارەی چەند پرسێکی بازرگانییەوە، کە هیوادارم ئەمە لەم حاڵەتەی ئێستادا ڕووبدات.

*** هەر لە پەیوەندی بە بڕیاری کشانەوە لەم ڕێککەوتنە کە ئێمە دەزانین پێشتریش وڵاتانی وەك سعودیە و ئیسرائیل ناڕازیبون لەم ڕێککەوتنە، ئایا ئەم بڕیارەی ترەمپ تا چەند بۆتەهۆی دڵنیاکردنەوەی ئەو هاوپەیمانە تەقلیدییانەی ئەمریکا؟**

**دۆناڵد ترەمپ زۆر گرنگی بە بڕەودان بە دیموکراسی و بنیادنانی نەتەوە نادات و تەنانەت لەم ماوەی دواییدا ڕەخنەی زۆری لە جۆرج بوش گرت کە پارەیەکی زۆری لە پێناوی پەرەپێدانی دیموکراسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا خەرجکردووە**

**هێزێکی دەرەکی ناتوانێت هەوڵی بەدیهێنانی سەقامگیری لە وڵاتێکدا بدات لە کاتێکدا خەڵکی ئەو وڵاتە خوازیاری شەڕی ناوخۆیی بن**

**هەمیشە ئەوە بە قوتابییەکانی خۆم دەڵێم کە گرنگ ئەوەیە وڵاتەکە لە ڕووی کردارییەوە چ هەنگاوێك دەنێت، نەك ئەوەی سەرکردەکانی دەیڵێن**

- ئەمە راستە و لەوەش زیاتر سعودیە دەیەوێت ئەمریکا لە بری ئەوان هێرش بکاتەسەر ئێران، سعودیە بەرهەڵستیی ئێران و بەرهەڵستکاری رێککەوتنەکەش بوو، هەمان شت بۆ ئیسرائیلیش راستە.

*** لەم دواییەدا ئەمریکا باسی لەوە کرد کە هەوڵی پێکهێنانی هاوپەیمانێتییەکی نێودەوڵەتی دەدات بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەستڕۆیشتوویی ئێران، لێکدانەوەی ئێوە بۆ ئەم هەوڵەی ئەمریکا چییە؟**

- راستە رەنگە ئەوان هەوڵێکی لەم چەشنە بدەن، بەڵام پێموانییە بتوانن سەرکەوتوو بن، بۆی هەیە ئەمریکا بتوانێت هاوپەیمانێتییەکی بچووکتر پێکبهێنێت لەگەڵ سعودیە و ئیمارات و ئیسرائیلدا، کە ئەوانە رکابەری تەقلیدی ئێرانن، بەڵام لەو باوەڕەدا نیم بتوانێت هاوپەیمانێتییەکی جیهانی لە دژی ئێران دروست بکات. چونکە رووسیا و چین و وڵاتانی ئەورووپا نایەنە نێو ئەم هاوپەیمانێتییەوە، ئەوان بەشداربوون لە گفتوگۆکانی گەیشتن بە رێککەوتنەکە و ئێستاش نایەنە پاڵ ترەمپ بۆ ئەم هەوڵەی. خۆ ئەگەر خوانەخواستە پرۆسەی گۆڕینی رژێمی ئێرانیش دەست پێبکات، ئەوا تەنیا ئەمریکا و چەند هاوپەیمانێتی ناوچەیی ئەمریکا بەشداری تێدا دەکەن.

*** پەمپیۆ لە گوتارەکەیدا باسی لەوە کرد کە دەبێت ئێران بە تەواوەتی لە سووریا بکشێتەوە، ئایا تا چ رادەیەك ئەمریکا دەتوانێت ئەمە بەدی بهێنێت و ئایا دۆخی سووریا مەترسیی ئەوەی لێناکرێت ببێتەهۆی هەڵگیرسانی شەڕی نێوان ئیسرائیل و ئێران؟**

- زەحمەتە ئەمە بزانین، بەڵام پێموانییە هەڵگیرسانی شەڕی نێوان ئیسرائیل و ئێران دەرئەنجامێکی حەتمی بێت، راستە چەند هەفتەیەك بارودۆخەکە جددی و مەترسیدار بوو، بەڵام هەر یەکە لە ئیسرائیل و ئێران هەنگاوێك گەڕانەوە دواوە. لەگەڵ ئەوەشدا پێموانییە ئێران هێزەکانی لە سووریا بکشێنێتەوە، یان دەست لە پشتیوانیی حزبوڵا، یان حەمماس هەڵبگرێت، ئەمە داواکارییەکی واقیعییانە نییە، بەڵام ئایا ئەمە پاساوێك دەدات بەدەست ئەمریکاوە بۆ ئەنجامدانی کرداری زیاتر لە دژی ئێران، ئەوا من نازانم. بەڵام ئەگەر دەست بە پرۆگرامە ئەتۆمییەکە و پیتاندنی یۆرانیۆم بکەن، ئەوا ئەمە چیرۆکێکی جیاواز دەبێت. واتە لە ئێستادا زۆرێك لە مەسەلەکە بەندە بەوەی ئێران چی



دەکات، ئەگەر ئێران وریاتر هەنگاو هەڵبگرێت لە ئەمریکا و دەست بە پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی نەکاتەوە، ئەوا رەنگە ئەوروپییەکانیش هاوکاری بکەن، بە ئومێدی ئەوەی ترەمپ تەنیا دو ساڵ و نیوی دیکە لە دەسەڵاتدا بێت و دواتر ئەمریکا دووبارە بگەڕێتەوە بۆ رێککەوتنەکە.

*** پێشبینیەکانت بۆ داهاتوی ئەم ناوچەیە چین؟**

- وتەیەك هەیە دەڵێت هەندێ جار نەبوونی هەواڵ خۆی لە خۆیدا هەواڵێکی خۆشە، مەبەست ئەوەیە ئەگەر دۆخی ئێستا بەردەوام و خەڵکی هەواڵی زیاتری شەڕ و کوشتار نەبیستن و هەندێ لە شەڕەکان کۆتاییان پێ بێت، ئەوا ئەمە یەکێکە لە سیناریۆ باشەکان. واتە من لەم رووەوە ئومێدی ئەوە دەکەم شەڕی هەردوو وڵاتی سووریا و یەمەن بەرەو کۆتایی بچن. سیناریۆ خراپەکەش ئەوەیە ئێران رایبگەیەنێت کە متمانە بە هیچ لایەنێك ناکات و بڕیاری دروستکردنی چەکی ئەتۆمی بدات و ئەو کاتەش هەڵوکانی ئیدارەی ئەمریکا بتوانن قەناعەت بە ترەمپ بکەن، کارێکی گەمژانە بکات و دۆخەکە بەرەو هەڵکشان ببەن.



دیمانەی تایبەت



## ستیوارت کۆفمان

پرۆفیسۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بۆ گوڵان:

# ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ هیچ متمانەیەکی بە ئێران نییە بۆیە لە ڕێککەوتنەکە هاتەدەرەوە

ستیوارت کۆفمان پرۆفیسۆرە لە بەشی زانستی سیاسی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی دیلاوێر، لە چەند بوارێکی گرنگدا کاری کردووە کە پەیوەست بوون بە ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا، شەڕی عێراق، سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا و ناکۆکیی ئیسرائیل- فەلەستین. تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگیشە وەك ناکۆکیی ئیتنی، ستراتیژیەتی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا و مێژووی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان. بۆ هەڵسەنگاندن و شرۆڤەکردنی سیاسەتی ئیدارەی ئەمریکا لە ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەو ڕەوشە ئاڵۆزەی باڵی بەسەر ئەم ناوچەیەدا کێشاوە، لەگەڵ چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامدا ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.

*** بە شێوەیەکی گشتی چۆن لە سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ دەڕوانیت و ئایا گرنگترین و دژوارترینی ئەو تەحەددییانە چین کە رووبەڕووی ئەم ئیدارەیە دەبنەوە؟**

- لە راستیدا بەراورد بە سەرجەم ئیدارەکانی پێش خۆی ئەوا ئیدارەی ئێستای ئەمریکا دەستنیشانی چەند بابەت و پرسێکی جیاوازی کردووە کە خوازیاری چارەسەرکردن و یەکلاکردنەوەیانە. ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەوەیە کە سەرۆك ترەمپ بەراورد بە سەرۆکەکانی پێش خۆی، پتر بایەخ بە بازرگانیی نێودەوڵەتی و هاوسەنگیی بازرگانی دەدات. ئەمە لە کاتێکدا زۆر کەس هەن کە هاوڕا نین لەگەڵ ئەو ئەولەوییاتەی ئیدارەی ئێستای ئەمریکادا. ئەوەی پەیوەست بێت بە پرسە ئەمنییەکانەوە، ئەوا ئەم ئیدارەیە سەرقاڵە بە کێشەی ئەتۆمیی هەردوو وڵاتی کۆریای باکوور و ئێرانەوە.

*** ئایا هاوڕایت لەگەڵ ئەو لێکدانەوەیەدا کە زۆربەی بڕیارەکانی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ بۆ ئەوەیە سیاسەتەکانی سەرۆکی پێش خۆی پێچەوانەوە بکاتەوە و دەیەوێت ئەوەندەی دەتوانێت میراتی ئیدارەی باراك ئۆباما هەڵبوەشێنێتەوە؟**

- نەخێر، من پێموانییە مەسەلەکە بەو شێوەیە بێت. بەڵام ئەگەر لە ناوچەیەکی وەك رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بڕوانین، ئەوا ئەو کاردانەوەی هەیە لە بەرامبەر میراتی هەردوو سەرۆکی پێش خۆی (جۆرج بوش و باراك ئۆباما). بۆ نموونە ترەمپ خوازیاری کەمکردنەوەی ژمارەی سەربازەکانی سوپای ئەمریکایە لە هەردوو وڵاتی عێراق و ئەفغانستاندا. کەواتە بە شێوەیەکی گشتی ترەمپ هەوڵدەدات هەموو ئەوانە پێچەوانە بکاتەوە کە بۆی ماوەتەوە، هەر لەبەر ئەمەشە کە بە شێوەیەکی سیستماتیك هەوڵ دەدات هاوپەیمانێتییەکەی لەگەڵ ئەوروپادا لەناو بەرێت.

*** کەواتە دەتوانین بڵێین ئیدارەی سەرۆك ترەمپ پتر خۆی لە دەستتێوەردان لە کاروباری ناوچەکە بە دوور دەگرێت؟**

- ئەوەی دەتوانین لەم بارەیەوە بیلێین، ئەوەیە کە ئەمە خواستی ئیدارەکەی ترەمپە، ئەگەرچی من پێموایە شکست دەهێنێت لە خۆبەدوورگرتن لەم ناوچەیە، ئەویش لەبەر تێڕوانینی لە ئاست ئێراندا، لەم رووەوە من پێموایە باشترین رێگا و شێواز بۆ خۆبەدوورگرتن لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بریتییە لە پاراستنی رێککەوتنە ئەتۆمییەکە لەگەڵ ئێراندا، واتە قبووڵکردنی رێککەوتنەکە وەك رێگایەك بۆ کەمکردنەوەی پابەندبوونەکانی ئەمریکا لە ئاست ناوچەکەدا. بەڵام کێشەکە لەوەدایە ترەمپ سیاسەتێکی نالۆژیکی گرتۆتەبەر و لە یەك کاتدا چەند خواستێکی دژ بە یەکی هەیە.

*** باست لەوە کرد کە یەکێك لە رێگاچارەکان بۆ کەمکردنەوەی پابەندبوونەکانی ئەمریکا بەم ناوچەیە پەیوەستبوونە بە رێککەوتنە ئەتۆمییەکەوە، کەواتە چۆن لە بڕیارەکەی ترەمپ بۆ کشانەوە لەم رێککەوتنە دەڕوانیت، لە کاتێکدا ترەمپ دەیەوێت خۆی لەم ناوچەیە بەدوور بگرێت؟**

- من پێموایە هۆکار و پاڵنەری سەرەکیی بڕیارەکەی ترەمپ بۆ کشانەوە لەم رێککەوتنە پتر عاتیفییە، مەبەستم ئەوەیە ئەم ئیدارەیە بە توندی دژی ئێرانە و هیچ متمانەیەکی بە ئێران نییە، هەموو ئەمانەش بوونەتە هۆی ئەوەی کە ئەو قەناعەتە لای ئەم ئیدارەیە دروست بێت، کە ئێران شایستەی ئەوە نەبێت، درێژە بەم رێککەوتنە بدرێت لەگەڵیدا. هەر ئەم تێڕوانینەش وایان لێدەکات نەتوانن سەرکەوتووانە هەوڵ بدەن بەدیلێکی بۆ بدۆزنەوە.

*** باشە پێتوایە دەرئەنجام و دەرهاویشتەکانی ئەم بڕیارە چی دەبن؟**

- گومانی تێدا نییە تەواو دەرئەنجامی ئەم بڕیارە بەندە بەوەی ئێران چ کاردانەوەیەکی دەبێت لە ئاست ئەم بڕیارەدا. من پێشبینی ئەوە دەکەم ئێران لە هەوڵەکانی بەردەوام بێت بۆ کارکردن لەگەڵ هێزە ئەوروپییەکاندا بۆ پاراستنی رێککەوتنەکە، هەرچەندە پێشبینی دەکەم چارەنووسی ئەم هەوڵەش شکست بێت، چونکە پێموایە سزا سەپێندراوەکان لەلایەن ئەمریکاوە، دەبنە هۆی لاوازکردنی توانای هێزە ئەوروپییەکان بۆ ئەوەی بە گوێرەی رێککەوتنەکە درێژە بە پەیوەندییە ئابوورییەکانیان لەگەڵ ئێران بدەن. کەواتە پێشبینی ئەوە دەکەم، ئێرانیش لە کاتێکی دواتردا دەست لە پابەندبوون بە بڕگەکانی رێککەوتنەکەوە هەڵبگرێت و بەو ئەندازەیە دەست بە پرۆگرامە ئەتۆمییەکە بکاتەوە، کە رێککەوتنەکە قەدەغەی کردبوو، کە ئەگەری ئەوە هەیە، ئەمە سەربکێشێت بۆ هەڵگیرسانی شەڕ.

**ئیسرائیل بە وریاییەوە هەڵسوکەوت دەکات و لە هەمان کاتدا ئێرانیش بە وریاییەوە هەنگاو هەڵدەگرێت بۆ ئەوەی رووبەڕووبوونەوەی نێوانیان لە سووریادا و لە ئاستێکی سنووردارد بمێنێتەوە**

**ئیسرائیل ئەزموونێکی زۆری هەیە لە ئیدارەدانی رووبەڕووبوونەوە و ناکۆکی لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکانیدا بە شێوەیەك کە سەرنەکێشێت بۆ شەڕێکی سەرتاسەری**

**رەنگە هەندێ هەوڵ بە ئاراستەیەکی دیاریکراو بدرێت بۆ کەمکردنەوە و سنووردارکردنی دەسترۆیشتوویی ئێران، بەڵام بە شێوەیەکی سیستماتیکی و رێکخراو نییە**

**چاوەڕوان ناکرێت یەکێتی ئەوروپا هەڵوێستێکی سەخت بگرێتەبەر لە ئاست بڕیاری کشانەوەی ئەمریکا لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێران**

**سزا سەپێندراوەکان لەلایەن ئەمریکاوە، دەبنە هۆی لاوازکردنی توانای هێزە ئەوروپییەکان بۆ ئەوەی بە گوێرەی ڕێککەوتنەکە درێژە بە پەیوەندییە ئابوورییەکانیان لەگەڵ ئێران بدەن**

**پێشبینی ئەوە دەکەم ئێران لە هەوڵەکانی بەردەوام بێت بۆ کارکردن لەگەڵ هێزە ئەوروپییەکاندا بۆ پاراستنی ڕێککەوتنەکە، پێشبینی ئەوەش دەکەم چارەنووسی ئەم هەوڵەش شکست بێت**

*** ئاماژەت بەوە کرد کە ئێران هەوڵدەدات لەگەڵ هێزە ئەوروپییەکاندا درێژە بە ڕێککەوتنەکە بدات، ئەگەر هات و وڵاتانی ئەوروپاش ئامادەییان هەبوو بە بێ ئەمریکا پابەند بن بە ڕێککەوتنەکەوە، ئایا ئەمە ناکۆکی و دابڕانێك لە نێوان ئەمریکا و یەکێتی ئەوروپادا دروست ناکات؟**

- ئەمە پرسیارێکی زۆر باشە و من پێموایە دەبێت ماوەیەك چاوەڕێ بکەین بۆ ئەوەی وەڵامەکەمان بۆ روون ببێتەوە. لە ئێستادا هەر چییەك بڵێین دەربارەی ئایندە، دەچێتە خانەی مەزەندەکردنەوە، لەبەر ئەوە بە مەزەندەی من ئەو دەرئەنجامەی لێناکەوێتەوە کە ئێوە لە پرسیارەکەتاندا ئاماژەتان پێکردووە، ئەویش لەبەر ئەوەی چاوەڕوان ناکرێت یەکێتی ئەوروپا هەڵوێستێکی سەخت بگرێتەبەر لە ئاست بڕیاری کشانەوەی ئەمریکا لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێران، راستە یەکێتی ئەوروپا گلەیی هەیە و بە دڵنیاییەوە هەست بە تووڕەیی دەکات و رەنگە نارەزایەتیش دەربڕێت. بەڵام پێموایە ئەو کاتە دابڕان دروست دەبێت کە ئەمریکا سزا بەسەر ئەو کۆمپانیا ئەوروپییانەدا بسەپێنێت کە درێژە بە کارکردن لەگەڵ ئێراندا دەدەن و ئەو کاتەش یەکێتی ئەوروپا ناچار دەبێت سزای قورس لە ئاست ئەمریکا بگرێتەبەر و بە توندی بەرهەڵستی داخوازیی ئەمریکا بکات، ئەگەرچی یەکێتی ئەوروپا تۆمارێکی نییە لەم رووەوە. بەڵام رەنگە کارێکی وا واتابەخش بێت بۆ ئەوان لە روانگەی ئەوەی بیانەوێت سیاسەتێکی دەرەکیی سەربەخۆیان هەبێت و لە سۆنگەی ئەوەی بیانەوێت پارێزگاری لەم پابەندبوونانەی خۆیان بکەن کە لە ئاست ئێراندا لە ئەستۆیان گرتووە.

*** ئەی پێتوانییە کشانەوە لەم ڕێککەوتنە بەشێکی پەیوەستە بەوەی ئەمریکا دەیەوێت بە شێوەیەکی توندترو سەختتر بەر بە دەستڕۆیشتوویی و کاریگەری ئێران بگرێت لە ناوچەکەدا، هەروەك ئەوەی لە گوتارەکەی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا (مایك پەمپیۆ) دەرکەوت؟ ئایا دەکرێت بڵێین ئێستا ئەمریکا پلانێکی گشتگیری لە دژی ئێران گەڵاڵە کردووە؟**

- ئەوەی دەکرێت بیلێین، ئەوەیە کە ئیدارەی ئێستای ئەمریکا پلانی گشتگیری بۆ هیچ پرس و مەسەلەیەك نییە. راستە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا هەندێ بیرۆکەی هەیە، بەڵام توانای ئەم ئیدارەیە زۆر لاوازە بۆ ئەوەی ئەو بیرۆکانە لە شێوەی سیاسەتدا دابرێژێت و گەڵاڵەی بکات، کەواتە رەنگە هەوڵی راستەقینە بدەن بۆ سنووردارکردنی دەستڕۆیشتوویی ئێران، بەڵام ئەمە پێچەوانەی خواستی دۆناڵد ترەمپە بۆ کەمکردنەوەی پابەندبوونەکانی بە کاروباری ناوچەکەوە، هەر ئەمەش مەبەستی من بوو لە نەبوونی سیاسەتێکی لۆژیکی، واتە لە کاتێکدا کە دەیەوێت کاریگەریی ئێران کەم بکاتەوە، ئەوا لە هەمان کاتدا هەوڵی راستەقینە نادات بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە، کەواتە رەنگە هەندێ هەوڵ بە ئاراستەیەکی دیاریکراو بدرێت بۆ کەمکردنەوە و سنووردارکردنی دەستڕۆیشتوویی ئێران، بەڵام نەك بە شێوەیەکی سیستماتیکی و ڕێکخراو.

*** کەواتە ئەگەری هەڵکشانی بارگرژی و رووبەڕووبوونەوەی نێوان ئەمریکا و ئێران بە دوور دەزانیت؟**

- من پێشبینی رووداني رووبەڕووبوونەوە دەکەم، هەروەها پێموانییە ئەمە دەرئەنجامی سیاسەتی ئیدارەی ئەمریکا بێت، چونکە ئەم ئیدارەیە بەو ئەندازەیە خۆی ڕێکنەخستووە بۆ ئەوەی بتوانێت پەرە بە ستراتیژیەتێك بدات کە بیگەیەنێتە ئەو ئامانجە. کەواتە رەنگە ستراتیژیەتێکی هەبێت بۆ ئەوەی ئێران ئیستفزاز بکرێت، تاوەکو بڕگەکانی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە پێشێل بکات، کە لە حاڵی حازردا ئەمریکا لێی کشاوەتەوە، هەر کاتێکیش ئەمە روویدا، ئەوا ئەمە دەبێتە بیانوو و پاساوێك بۆ شەڕ لە دژی ئێران. بەڵام کێشەکە ئەوەیە تا ئێستا بەرپرسانی ئیدارەی ئەمریکا وەك پێویست بیریان لەوە نەکردۆتەوە، ئایا دەیانەوێت چ ئاراستەیەك بگرنەبەر و بە چ ئاقارێکدا بڕۆن.

*** زۆر باس لە ئەگەری رووبەڕووبوونەوە و پێکدادانی ئێران و ئیسڕائیلیش دەکرێت، ئایا پێتوایە ئەگەری رووداني و هەڵگیرسانی شەڕێکی ناوچەیی لە نێوان ئیسڕائیل و ئێراندا هەیە؟**

- لە راستیدا نەخێر، چونکە ئیسڕائیل ئەزموونێکی زۆری هەیە لە ئیدارەدانی رووبەڕووبوونەوە و ناکۆکی لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکانیدا بە شێوەیەك کە سەرنەکێشێت بۆ شەڕێکی سەرتاسەری، پێموایە ئەمە حاڵەتەکە دەبێت لەمجارەشدا. من باوەڕم وایە ئیسڕائیل بە وریاییەوە هەڵسوکەوت




دەکات و لە هەمان کاتدا ئێرانیش بە وریاییەوە هەنگاو هەڵدەگرێت بۆ ئەوەی رووبەڕووبوونەوەی نێوانیان لە سووریادا و لە ئاستێکی سنووردار‌دا بمێنێتەوە. لەبەر ئەوە پێشبینی ئەوە ناکرێت کە بارودۆخەکە بە ئەندازەیەکی گەورە بەرەو هەڵکشان بچێت، تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە ناکۆکییەکی گەورە رووبدات کە ئەمریکا و ئێرانیشی تێوەبگلێت بەهۆی کێشەی ئەتۆمیی ئەو وڵاتەوە.

*** هەر لە پەیوەندی بە سیاسەتی ئەمریکا لە ئاست رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئایا تا چ رادەیەک ئەم ئیدارەیە توانیویەتی میسداقیەتی خۆی لای هاوپەیمانەکانی بەدەست بهێنێتەوە، بەتایبەتی سعودیە و ئیسڕائیل کە زۆر دژی رێککەوتنە ئەتۆمییەکە بوون- و لە هەمان کاتدا توانیویەتی بەرپەرچی رکابەرەکانی لەم ناوچەیەدا بداتەوە؟**

- من لەمە دڵنیا نیم و نازانم بیرکردنەوەی سەرکردایەتی سعودیە چۆنە، راستە ئەم دەرئەنجامە — مەبەست لە بڕیارەکەی ترەمپە بۆ کشانەوە لە رێککەوتنەکە- بە دڵی ئەوانە، بەڵام ئایا هەنگاوی داهاتوو جێی رەزامەندی ئەوان دەبێت؟ ئەوا من بە گومانم لەم رووەوە. کەواتە لە ئێستادا و لە مەودای نزیکدا ئەو هاوپەیمانانە دڵنیا کراونەتەوە، بەڵام پێموایە ئەمە گۆڕانکاری بەسەردا دێت.

*** پێشبینییەکانت بۆ ئایندەی ئەم ناوچەیە چین؟**

- پێموایە خراپترین سیناریۆ ئەوەیە کە شەڕ لە نێوان ئەمریکا و ئێراندا هەڵبگیرسێت، کە ئەگەری ئەوە هەیە بەرەو هەڵکشان بچێت، لەو هەلومەرجەشدا ناکۆکییەکی بەرفراوانتر دێتەئاراوە لە نێوان ئیسڕائیل و ئێراندا کە لوبنانیش دەگرێتەوە و ئەو کاتە عێراقیش دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەم شەڕەوە. باشترین سیناریۆش ئەوەیە کە دۆخی ئێستا درێژە بکێشێت، چونکە لەو باوەڕەدا نیم کە بتوانرێت دۆخەکە باشتر بکرێت. بەڵام بۆی هەیە ئێران بتوانێت پارێزگاری لە هەندێ پەیوەندی بازرگانی بکات لەگەڵ ئەوروپادا، بەوەش لە مەودای نزیکدا دەست بە پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ناکاتەوە، ئەویش لە بەر هۆکارە ئابوورییەکان، ئەمەش رێگری لە هەڵکشانی دۆخەکە دەکات. پێموایە ئەمە سیناریۆیەکی ئیجابییە ئەگەر رووبدات و بێتەدی.



# ئەنترۆپۆلۆگیا و گەشەپێدان!



د. ڕەشاد میران

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکی نەریتییە، بە سستەمێک بەڕێوەدەچێ کە لێوانلێوە لە دابونەریت و بەهاکانی لە پشتیانەوەن سەرلەبەری ژیانی ئەندمانی کۆمەڵیان کۆنترۆڵکردووە، بەڕادەیەک تاقە جوغزێکیان بۆ ژیانی تاکەکەسی نەهێشتۆتەوە- مرۆی کورد بۆ کۆمەڵ دەژی نەک وەک تاکێک لەناو کۆمەڵدا!!! مرۆی کورد هەموو ژیانی تەرخانکراوە بۆ جێبەجێکردنی داخوازییە لەبن نەهاتووەکانی خەڵکانی دەوروبەری: خێزان، خزم، برادەر، هاوسێ، مزگەوت و کۆمەڵێک لە دەزگاکانیتر؛ ئینجا، دەبێ خاوەن کەسایەتییەکی لەقاڵبدراو بێت کە ئەم داخوازییانەی بەسەرەوە دیاربن و تارمایی تاکایەتیی خۆیی پێوە دیارنەبێ... هەرچی مرۆی ئافرەتیشە، ئەوا تەواو دەسبەسەرە و کۆمەڵ توند سەنگەری لێ گرتووە!!!

ئەنترۆپۆلۆگیا (مرۆڤناسی) زانستێکە ئەرکی تەنیا وەسفکاری نییە، بەڵکو شیکاریکردنێکی بنیادییانەی سستەمی کۆمەڵایەتیی لە ئەستۆیە، بەتایبەتیش توخمە بنیادییە سەرەکییەکەی- کولتوور.

لەم شیکارییەشدا، بۆ سستەم و بۆ کولتوور، پەنجە دەخرێتە سەر تایبەتمەندییەکانیان، هەروەها کەموکوڕی و لاوازییەکانیش؛ بەمەشەوە ئەنترۆپۆلۆگیا نەک هەر ڕێخۆشکەرە بۆ گەشەپێدان، بگرە ڕاسپاردە و پێشنیار و تەنانەت پلان و پرۆگرامیش بۆ گەشەپێدان و پێشکەوتن دەخاتەڕوو. جگە لەوە، لە میتۆدی ئەنترۆپۆلۆگیادا تیۆریای «گۆڕانی کولتووری» جێگەی دیار و کاریگەری هەیە و هەر لەسەر ئەو بنەمایەش پلان و پرۆگرامەکانی، بۆ گەشەپێدان، دادەڕێژێ.

لە ڕەوتی کارکردن لەسەر مەسەلەی گەشەپێدان، دەبێ بابەتی «سیاسەتی کولتووری» بایەخ و گرنگیی تەواوی پێبدرێ و ئەویش، واتە سیاسەتی کولتووری، پێویستە پلانێکی گشتگیر، هەمەلایەن، تۆکمە و کاریگەر لەخۆ بگرێ... ئامانجی سیاسەتی کولتووری بریتییە لە دابینکردنی گەشەپێدانێکی هاوسەنگی کۆمەڵگا کە هەموو هۆکارە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان و ڕەهەندە کولتوورییەکانیان بگرێتەوە بەڕادەیەک هوشیاریی بە ناسنامەیەکی کولتووریی کراوەی لەگەڵدا بێت.

لە کاتی دانانی هەر پلانێک بۆ گەشەپێدان، دەبێ ڕەهەندی کولتووریی تیادا ڕەچاوبکرێ؛ «... دیاردە کولتوورییەکان ئێستاکە بووین بە هۆکاری گرنگ کە لە هەر پلاندانانێکدا بڕیارەکان دیاری دەکەن»*. لەم ڕوانگەیەوە زانستێکی نوێ سەریهەڵدا بە ناوی «زانستی ئابووریی گەشەپێدانی کولتووری»- لەپێناو دۆزینەوەی باشترین بنەما بۆ چالاکیی ئابووری لە دەزگا کولتووری و ڕۆشنبیرییەکاندا، یان ئەوەی پێی دەگوترێ «پیشەسازیی کولتووری» و بازاڕەکانی بەرهەمی هونەری و دابینکردنی پاڵپشتیی دارایی بۆ هونەرە جوانەکان...

چەمکی «گەشەپێدانی کولتووری» لە ئەفریقیا سەریهەڵدا، ئەوەش پەیوەندیی بە بزاڤی ڕزگاریخوازی سیاسیی وڵات و نەتەوەکانی ئەوێوە هەبوو. سەرەتا ئەم چەمکە سروشتێکی تیۆرییانەی هەبوو لەم ڕووەوە کە بانگەشەی سەربەخۆیی نیشتمانیی ئەمانە و جۆرێک لە گەڕان بەدوای ناسنامەی کولتووری بوو.

لەم وڵاتانە، لەبەر تەنگژە و قەیرانەکانی دوای سەربەخۆیی، لە زۆربەی حاڵەتەکان بیرۆکەی گەشەپێدانی گشتی مەسەلە کولتوورییەکانی دەخستە پەراوێزەوە... بۆ یەکەمین جار ئاوڕێکی جیددی لە کولتوور درابێتەوە ساڵی ١٩٨٣بوو، ئەویش لە کۆنگرەیەکی جیهانیی یۆنسکۆ سەبارەت بە سیاسەتە کولتوورییەکان و تیایدا بابەتەکان ئەمانە بوون:

- مەبەستەکانی گەشەپێدانی کولتووری
- ژینگەی نوێ
- شێوازەکانی گەشەپێدانی کولتووری
- دەوری کەرتی گشتی
- ئەزموونە تازەکان
- کولتووری نێودەوڵەتی
- ئاسۆکانی ئایندە

لەم کۆنگرەیەدا گەشەپێدانی کولتووری بە ڕەهەندێکی بنەڕەتیی گەشەپێدانی گشتی دانرا کە تیایدا مرۆڤ لەهەمان کات ئامانج و ئامرازیشە.

هوشیاریی کولتووری سەلماندی کە ئازادیی ئەفریقاییەکان بەرهەمی تێکۆشانیان بوو لەپێناو بەدەسهێنانەوەی ناسنامەکەیاندا؛ گەڕاندنەوەی بایەخی کولتوور وزەکان دەخاتە گەڕ بۆ بنیادنانەوەی نەتەوەیی و چوونە ڕیز میللەتانی پێشکەوتووەوە... بەم جۆرە گەشەپێدانی کولتووری لە تەنیا دروشمێکەوە گۆڕا بۆ پرەنسیپێکی بزوێنەر.

بەڕێوەبەری گشتیی یۆنسکۆ ئەماد مهتار میباو، لەم کۆنگرەیەدا، گوتی: «ئەگەر گەشەی ئابووری هۆکارێکی سەرەکیی بێت لە گەشەپێدان، ئەوا بۆچوونە کولتوورییەکانن کە ئاراستەکانی دیاردەکات و دەیخاتە خزمەت کەسان و کۆمەڵگا»**.

لەم ڕووەوە، بەها کولتوورییەکان دەبێ لە ئاستی پرۆسەی گەشەپێدان دا بن و، کەواتە، ئەرکی ئەنترۆپۆلۆگیایە کولتوور شەن و کەو بکات، فۆکەس بخاتە سەر ئەو بەهایانەی دەتوانن لە خزمەت ئەو ئامانجەدا بن و کاریگەریی بەهاکانیتریش تابکرێ کەم بکاتەوە... پسپۆڕانی ئەنترۆپۆلۆگیا جەخت دەکەن لەسەر ئەوەی کە دەبێ مەوداکانی ڕەخنەگرتن فراوان بکرێ و هەموو توخمە کولتوورییەکان بگرێتەوە؛ ئەو ڕاستییەش گومانی

لەسەر نییە کە لە کۆمەڵگا «داخراوە» کاندا توخمی کولتووریی زۆر هەن کاتیان بەسەرچووە و بووین بە ڕێگر لەبەر دەم هەر هەوڵێک بۆ گۆڕان و پێشکەوتن- یەکێکێش لەو توخمە کولتوورییانە، یان لەپێش هەموویانەوە، دابونەریتە.

کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکی نەریتییە، بە سستەمێک بەڕێوەدەچێ کە لێوانلێوە لە دابونەریت و بەهاکانی لە پشتیانەوەن سەرلەبەری ژیانی ئەندامانی کۆمەڵیان کۆنترۆڵکردووە، بەڕادەیەک تاقە جوغزێکیان بۆ ژیانی تاکەکەسی نەهێشتۆتەوە- مرۆی کورد بۆ کۆمەڵ دەژی نەک وەک تاکێک لەناو کۆمەڵدا!!! مرۆی کورد هەموو ژیانی تەرخانکراوە بۆ جێبەجێکردنی داخوازییە لەبن نەهاتووەکانی خەڵکانی دەوروبەری: خێزان، خزم، برادەر، هاوسێ، مزگەوت و کۆمەڵێک لە دەزگاکانیتر؛ ئینجا، دەبێ خاوەن کەسایەتییەکی لەقاڵبدراو بێت کە ئەم داخوازییانەی بەسەرەوە دیاربن و تارمایی تاکایەتیی خۆیی پێوە دیارنەبێ... هەرچی مرۆی ئافرەتیشە، ئەوا تەواو دەسبەسەرە و کۆمەڵ توند سەنگەری لێ گرتووە!!!

دابونەریت توخمێکی کولتووریی تابڵێی بەهیز و بە دەسەڵاتە، زۆرجار تەنانەت کاریگەریی لەسەر ئایینیش هەبووە- لە ئیسلامدا مەزهەبی حەنفی بەوە لە شافیعی، مالیکی و حەنبەلی جیادەبێتەوە کە تیایدا دابونەریت (العرف و العادات) پانتاییەکی فراوانی گرتووە؛ دابەشبوونی ئایینی مەسیحی بەسەر سەدان لق و مەزهەب، زۆربەی لەسەر بنەمای دابونەریت بووە؛ بنچینەکانی جیاوازیی نێوان جووەکانی ئەشکەنازی و سەفاردی (ڕۆژهەڵاتییەکان) دابونەریتەکانیانە...

دابونەریتەکان کۆن و چەسپاو و بەهێزن، لادانیان یان گۆڕینیان لە توانا بەدەرن؛ تەنیا لە پرۆسەی گۆڕانی شێوازی ژیان و پەیابوونی پێداویستیی نوێدا ئەمە ڕوودەدات. بەڵام دەکرێ پەلە بەم پرۆسەیە بکرێ، ئەویش بە داڕشتنی پلانێکی زانستی بۆ گەشەپێدان- ئەمەش ئەرکی دەسەڵاتە.

دانانی پلان بۆ گەشەپێدانی کولتووری ئاستێکی بەرزی هوشیاریی پێویستە؛ بەرپرسێک، دەزگایەک یان سەرکردەیەک درک بە گرنگی، بایەخ و کاریگەریی کولتوور بکات، بزانێ کولتوور و بەهاکانی لەپشت هەموو ئەو کەموکوڕی، نەهامەتی، نارەزایی و دەردەسەرییەکانی خەڵکن. هوشیارییەکی لەم جۆرە دەبێتە ئایدیۆلۆگیایەک لەسەر بنەمای زانستی و ڕێخۆشکەر دەبێ بۆ گۆڕینی شێوازی ژیان لە کۆمەڵگادا و، لە هەمان کات، گۆڕینی سستەمی کۆمەڵایەتی و داهێنانی بەهای نوێی گونجاو لەگەڵ پێداویستییەکانی سەردەمدا؛ بۆ نموونە، شیلگێرانە بەکارهێنانی بەهایەکی وەکو «پاراستنی جوانی و خاوێنی «- تا ئێستا کەس سزادراوە لەسەر تێکدان و پیسکردنی شوێنێک؟ نەبیستراوە؛ فێرکردنی خەڵک دەست بە خۆراکەوە بگرن، نەک فڕێدانی بەشێوەی خاشاک- هەروەهاش دەسگرتن بە کارەبا و ئاو؛ یان دانانی بەهای تایبەت بۆ مرۆی کارکەر، بەتایبەتیش ئەو کارانەی بە چاوی کەم تەماشادەکرێن،...هتد. بۆیە دەزگای دەسەڵات پێویستی بە داڕشتن و جێبەجێکردنی سیاسەتێکی کولتووریی گشتگیر هەیە بە مەبەستی داهێنانی بەهای نوێ و چەسپاندنیان لە نێو کولتووردا. ئەمە شێوازێکی کاریگەر دەبێ بۆ گۆڕینی سستەمی کۆمەڵایەتی و، هەروەها، دروستبوونی کەسایەتییەکی شیاوی تاکەکانی کۆمەڵ...

هیچ گۆڕان و پێشکەوتنێکی بنەڕەتی ڕوونادەن بەبێ بەهای پێویست، ئەو بەهایەش دەبێ بخزێتە ناو کولتوورەوە، بچەسپێ و جێگە لەق بکات بە توخمە کولتوورییە ڕێگرەکان.

بەڵام پێش ئەوە، دەبێ دان بە گرنگی و پێویستیی لەڕادەبەدەری زانستی مرۆڤناسی (ئەنترۆپۆلۆگیا) بنرێ، ئەو زانستەی کە بابەتە سەرەکییەکەی بریتییە لە کولتوور و سستەمی کۆمەڵایەتی؛ بەداخەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەم زانستە، هێشتا بەهەند وەرنەگیراوە و بە پێچەوانەی وڵاتانی پێشکەوتوو سوودی لێ نەبینراوە؛ لەکاتێکدا سەرلەبەری ناوچەکانی کوردستان، کەرەستەی خاون بۆ تۆژینەوەی ئەنترۆپۆلۆگی...

ئەمە وای لە خانمە پسپۆڕێکی عەرەب کردووە بە دەنگێکی بەرز ڕابگەینێ کە ئیتر «کاتی ئەنترۆپۆلۆگیا هاتووە لە کۆمەڵگا عەرەبییەکاندا»*** ڕاست دەکات و بۆ ئێمەش هەر وایە.

---

پەراوێز:

* د. علی عبدالرزاق جلبی؛ دراسات فی المجتمع و الثقافة و الشخصية. بيروت، ١٩٨٤.

** د. محمد احمد البيومی؛ علم الاجتماع الثقافی. دار المعرفة الجامعية٢٠٠٢

*** د. امال موسی (حان وقت الانثروبولوجيا فی المجتمعات العربية) الشرق الاوسط ١٤٤١٨ الاحد ٢٠١٨/٥/٢٠

# بەڕۆژووبوونی مانگی ڕەمەزان بۆچی؟

خودای بەرزو بێ هاوتا لەسەر هەموو مرۆڤێکی موسڵمانی باڵغ و ژیر و بەتوانا واجبی کردووە کە لە هەموو ساڵێکدا مانگێك بەڕۆژو بێت، وەکو عیبادەت. بێگومان مەبەست لە بەڕۆژووبوون ئەزیەت و ئازاردان نییە، بەڵکو بەڕۆژووبوون لەمانگی پیرۆزی ڕەمەزاندا خولێکی بەهێزە بۆ پەرەپێدان و بەهێزکردنی ئیمان و ڕەوشت و نەفس و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و هەموو لایەنەکانی تری دین و ژینە کە سوود بە مرۆڤ دەگەیێنن لە دنیا و قیامەت. بۆیە دەتوانین بڵێین: ڕۆژووگرتن بە دەیان و سەدان سوودو و کەڵکی نەفسی و ڕۆحی و ئیمانی و جەستەیی لەخۆ دەگرێت. لێرەدا مەبەستمانە تیشك بخەینە سەر بەشێکیان و ئەگەر وردببینەوە لە قورئان و سوننەت، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە بۆچی خوای گەورە واجبی کردووە لەسەر بەندەکانی بەڕۆژوو ببن.

**١- بۆ ئەوەی فێری لەخواترسان ببین.**

یەکێك لەگرینگترین هەدەف و ئامانجەکانی بەڕۆژووبوون بۆ ئەوەیە ئێمەی باوەڕدار پێیەوە فێری لەخواترسان ببین، خوای گەورە دەفەرموێت: يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى الَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ (١٨٣) البقرة واتە: ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە، ڕۆژووتان لەسەر نووسراوە و فەرزکراوە بۆ ئەوەی خۆتان بپارێزن و لەخودا بترسن. کەواتە بەڕۆژووبوون قوتابخانەیەکە فێری لەخواترسانمان دەکات، چۆن؟ ڕۆژ تا ئێوارە هەریەکەمان لە خەمی ڕۆژووەکەمانین و هیچ ناخۆین و ناخۆینەوە لەترسی ئەوەی نەوەك ڕۆژوومان بەتاڵ ببێتەوە، یان خۆمان دەپارێزین لە تاوان لە ترسی ئەوەی نەوەك خوای گەورە ڕۆژووەکەمان قبووڵ نەکات، تەنانەت لەو کاتانەش کە بە تەنیاین و هیچ کەسێك نامانبینێ، ئەوەش وادەگەیەنێت ڕۆژ تا ئێوارە بۆ چرکەیەکیش خوامان لەیاد نەکردووە، کە ئەوەش ئەوپەڕی لەخواترسان و بەندایەتییە.

**٢- بۆئەوەی فێری دەمپاکی و ڕاستگۆیی ببین.**

نابێ موسڵمان دەمپیس بێت و درۆ و بوختان و غەیبەت بکات، بەتایبەتیش ئەگەر بەڕۆژوو بێت، چونکە کاریگەری لەسەر سەنگی رووژووەکەی دەبێت، پێغەمبەر (صلي الله عليه وسلم)) دەفەرموێت: ((مَن لم يَدَعْ قول الزُّور والعملَ به والجهلَ، فليس للهِ حاجةٌ أن يَدَعَ طعامه وشرابه))؛ رواه البخاري. واتە: هەر کەسێك واز نەهێنێت لە قسەو کرداری خراب و درۆکردن، ئەوە خوا هیچ پێویستییەکی بەوە نییە کە ئەو واز لەخواردن و خواردنەوە بێنێ. هەروەها دەفەرموێت: ((رُبَّ صائم ليس له من صيامه إلاَّ الجوع)). أخرجه ابنً ماجه «١٩٦٠» والنسائي «٣٢٥٠» واتە: هەندێ ڕۆژووان هەیە، جگە لە برسییەتی هیچی تری بۆ نامێنێتەوە. کەواتا با تێبگەین مانگی پیرۆزی ڕەمەزان خولێکی ساڵانەیە بۆ ئەوەی لەو مانگەدا فێری ڕەوشتبەرزی ببین.

**٣- بۆ ئەوەی فێری خۆڕاگری و سەبر ببین.**

هەموو ئەوانەی کاتێ بەڕۆژوو دەبن، میزاجی خۆیان لەدەست دەدەن و خۆیان عەسەبی دەکەن، بە شێوەیەك خێزان و منداڵەکانیان ناوێرن خۆیانی تێبگەیەنن، بەڕاستی ئەوە ئەوپەڕی نەزانییە و پێچەوانەی پەیامی پیرۆزی ڕەمەزانە، پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت: إِذَا كَانَ يَوْمُ صَوْمِ أَحَدِكُمْ فَلا يَرْفُثْ ، وَلا يَصْخَبْ ، فَإِنْ سَابَّهُ أَحَدٌ أَوْ شَاتَمَهُ أَوْ قَاتَلَهُ فَلْيَقُلْ : إِنِّي امْرُؤٌ صَائِمٌ. واتە: ئەگەر



**مەلا محەمەد مەلا زبێر بەزێوەیی**

هەر یەکێکتان بەڕۆژوو بوو، با قسەی ناشیرین نەکات، ئەگەر یەکێکیش جنێوی پێدا، یان ویستی شەڕی لەگەڵ بکات، با بڵێ: من بەڕۆژووم. کەواتە ئێمە نەوەك نابێ بە هۆی بەڕۆژووبوونەوە شەڕ بە خەڵکی بفرۆشین، بەڵکو ئەگەر کەسێکیش جنێوی پێداین و شەڕی پێمان فرۆشت، دەبێ هێمن و ئارامی بکەینەوە و پێی بڵێین: بەڕۆژووین.

**٤- بۆ ئەوەی لە برسیەتی و نەبوونی هەژاران تێبگەین.**

بێگومان زۆربەی جار کەسی بەڕۆژوو بە هۆی تێنووبوون و برسیبوون تووشی هیلاکییەکی زۆر دەبێت. پێویستە بیربکەینەوە کە برسییەتی چەند ناخۆشە، ئەوەندەی تر ناخۆشترە کە لە بەر نەبوونی بێت، بۆیە دەبێ سوپاسی خوا بکەین، کە پێی داوین و هەرگیز هەژارانیش لەبیر نەکەین و بزانین کە برسییەتی چەند دەردێکی ناخۆشە.

**٥- بۆ ئەوەی زاڵ بین بە سەر نەفس و شەیتاندا.**

بەڕۆژووبوون لەناو مانگی ڕەمەزاندا خولێکی بەهێزە بۆ بەهێزکردن و پەرەپێدانی توانای عیززەت و نەفسمان و زاڵبوون بە سەر شەیتانەکانە، چونکە لەم مانگەدا هەرچی شەیاتینە کۆت و زنجیر دەکرێن و بە ئاسانی ناتوانن لاکەنەوە بەلای مرۆڤدا. هەر وەکوو بەڕۆژووبوون بریتییە لە وازهێنان لە هەموو خواردن و خواردنەوەیەك و ئەو قەدەغەکراوانەی کە ڕۆژوو بەتاڵ دەکەنەوە، هەرلە بەیانی تا ڕۆژئاوابوون، ئەوش وادەکات کە مرۆڤی موسڵمان بتوانێت لە هەموو ڕوییێکەوە زاڵ بێت بەسەر نەفسی دا.

**٦- بۆ ئەوەی لەشساغ بین.**

پێغەمبەرمان درودی خودای لەسەر بێت دەفەرموێ: «صوموا تصحوا » رواه الطبراني، واتە بەڕۆژوو بن، تا لەشساغ بن، کەواتە وانەیەکی تری گرنگی مانگی پڕ نووری ڕەمەزان، تەندروستیی باش و ساغڵەمی بەدەن و دەروونە کە لە کەسی ڕۆژووان ڕەنگ دەداتەوە، هەروەکو تاقیکاریی پزیشکی شتێکی ئەرێنیی ساڵانەیە بۆ مرۆڤ لە ڕووی تەندروستییەوە، کە لە جۆرەها نەخۆشی و ڤایرۆسی کوشندە دەیپارێزێ.